# سەرۆك كۆماری كوردستان

## لەبەردەم دادگای ئێراندا

# سەرۆك كۆماری كوردستان

## لەبەردەم دادگای ئێراندا

بەرهەڤكردنی: بەدرەدین سالْح

كوردستان -٢٠٠١
هەولێر

# دەقی دادگایی کردنی

## پێشەوا قازی محەمەد و سەدر و سەیفی قازی

دەربارەی دادگایی کردنی پێشەوا قازی محەمەد و سەدر و سەیفی قازی گەلێك وتراوە و نووسراوە" دیارە ئەم نووسینانە دوو دەستەن، دەستەی یەکەم ئەو کەسانە نووسیویانە کە ویستوویانە ئەو مێژووە بشێوێنن و بەپێی بەرژەوەندیی دوژمنانی کورد" ئاکار و قسە و شتی دوور لەو زاتانەیان نووسیووە و هەوڵیان داوە ئەو مێژووە بشێوێنن" دیارە بەری ڕۆژیش بە بێژینگ ناگیرێ و بەلگەش بۆ ئەم قسەیەمان دڵسۆزی و خۆشەویستیی گەلی کوردە بۆ قازییەکان و ڕێبازە پیرۆزەکەیان.

دەستەی دووەمی ئەو نووسەرانەش ئەو بەڕێزانەن کە لە ڕووی دڵسۆزییەوە شەونخوونیان چەشتووە" تا کون و کەلەبەرە شاراوەکانی ئەو کارەساتە" واتە ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەواکەی ئاشکرا بکەن، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە بەر دەستی ئێمەدایە، دەقی ئەو نووسینەیە بە قەڵەمی سەروان (کیۆمەرس سالح) هەواڵنێری گۆڤاری ئەرتەشی شاهنشایی ئێران کە دیارە خۆی لە دادگاییکردنەکەدا ئامادە بووە، دەقی ئەم دادگاییکردنەی وەکو وێژەنامەیەکی تایبەت چاپ کردووە بەمەبەستی ئەوەی بەسەر ئەفسەرانی گەورە و جێگەی دڵنیایی شا و پایە بەرزانی حکوومەت دابەش بکرێ" ئەویش زۆر بە نهێنی.

هەر لەم ژمارە تایبەتیەدا کە بە ناوی (تاج کیانی) نووسراوە و لە (ستاد) بنکەی ناوەندیی فەرماندارییی ئەرتەش ئەرشیف کراوە، ئێمەش وەرمان گرتووە و پاچڤەی سەر زمانی کوردیمان کردووە.

گـرنگیی ئـەم بەڵگەنامەیـە لەوەدایـە کـە سـەروان کیۆمـەرس سـاڵح" وەك هـەواڵدەرێکی چـالاك و چـاپووك خـۆی لە دادگاییکردنی پێشەوا قازی و سەدر و سـەیفدا بەرهەڤ بووە و لە بەر ئەوەی خوشکەزای (سەرلەشکر فەرەیدوون جەم) بـووە کـە ئـەویش مێـردی (شـەمس)ی خوشـکی شای ئێران بووە، بۆیە جێگەی باوەڕ و دڵنیایی دەرباری شای ئێران بووە.

لـەم سۆنگەیەوە هـەموو بەڵگەنامـە و نامـە نهێـنییەکانی شـای ئێران لە ژێر دەسـتی سـەروان کیۆمـەرس سـاڵح دا بـووە" تـاکو نـاوە نـاوە هـەندێکیان لـە نامیـلکەی تایـبەتیدا بـۆ بەرپرسـانی سـەربازیی چـاپ بکـرێن" یـاخود دوای ڕێکخستنیان ببرێنە نامەخانەی نهێنیی لەشکری ئێران.

دیـارە ئـەم چـاپکردنەش بۆ ورەدان و دڵگەرمیی ئەفسەرانی لەشکری ئێرانی بـووە، هـەروەها ئێستاشـی لەگەڵدا بێت" ئەو نامانە یاخود ئەو ڕۆژنامانەی چاپ دەکـرێن" لـە کۆتـایی سـاڵدا هەموویان کۆ دەکرێنەوە و لە لایەن (ئەرشیفخانەی سەرکردایەتیی لەشکر)ەوە چاپ دەکرێن و دەپارێزرێن.

ئـەوەی بەردەسـتتان، وەك لـە سـەرەوە ئاماژەمـان پـێ دا" دەقـی ئـەو نووسراوەیە کە لە دەقی دادگەییکردنی قازییەکان وەرگیراوە و لەو ویژەنامەیەدا چاپکراوە.

**بەدرەدین ساڵح**

**١٠ی تەممووزی ٢٠٠٠**

**سەروان کیۆمەرس سالّح دەنووسیٚ:**

لە دوای تەواوبوونی دادگەییکردنی قازییەکان و لەسێدارەدانیان، تەواوی ئەو ڕووداوەم بیٚ کەم و زیاد لە مانگنامە (ماهنامە)دا و هەواڵە گرنگەکانیشم لە ویژەنامەکەی (تاج کیانی) دا چاپ کرد، بەڵام پێش ئەوەی بکەوێتە بەردەست و بڵاو ببێتەوە، منیان بۆ دادگەی ئەرتەش بانگ کرد، لە ویٚ پێیان گوتم تۆ بە تاوانی ئاشکراکردنی نهێنیەکانی دادگەییکردنی قازییەکان تاوانباری و پلەی سەروانییان لیٚ کردمەوە، ساڵێکیش بەندیخانەیان بۆ بڕیمەوە، بەو هۆیەوە هەم چاپ کردنی (ماهنامە) ڕاگیرا و هەمیش ئەو هەواڵانە بڵاونەکرانەوە.

کیۆمەرس ئەم زانیارییانەی دوای بەربوونی لە بەندیخانە لە ژمارە (٧٥)ی (ماهنامە)کەدا ساڵی (١٩٤٧) بڵاو کردوونەتەوە، هەروەها بەر لەوەش لە ژمارە (٦٦)ی ساڵی (١٩٤٦)ی ئەو (ماهنامە)یەدا دەنووسیٚ:

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی و گەڕانەوەی لەشکری ڕووس و ئینگلیز بۆ وڵاتی خۆیان" ئەرتەشی ئێران کەوتە جموجۆڵ و جووڵانەوە.

هەر ئەو هەواڵنێرە لە ژمارەکانی (٤٤ تا ٦٤ )ی ئەو (ماهنامە)یەدا ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٤٣ تا ١٩٤٦)ی کوردستان و ئازەربایجان دەگێڕێتەوە و دواتر لە سەر کۆماری کوردستان و ئازەربایجان" بە دوور و درێژی دەنگوباس و شتی ورد و گرنگی بڵاو کردۆتەوە کە هەندێکیان ئەرشیف و هەندێکیشان چاپ کراون.

لە زۆربەی ژمارەکانی (ماهنامە)کەدا" نامەی وەفاداری و دڵسۆزیی سەرۆک هۆزی دیبۆکری، عەلی یار ئەسعەد و سەرۆك عەشیرەتی مامەش، قەرەنی ئاغای عەشایەر و رەشید بەگی هەرکی و حەسەن تێلۆ و قوقیاس مامەدی و نووری بەگی بەگزادە و محەمەدەمین چەپی هەرکی و حەمزەی قادری مامەش و ئەوانی

تـر بـۆ شـای ئێـران و دەربارەکـەی، یـان بڵاوکراوەتەوە" یاخوود لە نامەخانەی ئەرتەشـدا ئەرشـیف کراوە. لە هەمووی سەیرتر پەیوەندیی عومەر خانی شکاکە بـە دەربـارەوە کـە لـەو ماوەیـەی لە سەقزو دەوروبەری" عومەرخان ئامیر هێزی لەشـکری کۆمـاری کوردسـتان بـووە" نـزیکەی (١٧) نامـەی بـۆ دڵـنیاییکردنی دەربـاری شـا لـە دڵسـۆزیی خـۆی بـۆ شـای ئێـران ناردووە و خۆی بە سەربازی دەربـاری شـای ئێـران ناسـاندووە و بەرهـەڤیی بەجێگـەیاندنی ئـەرك و فەرمانی دەربـاری لـە خـۆی نیشـان داوە. هـەروەها ئـەو نامانـەش ئێستە لە نامەخانەی ئەرتەشی ئێران پارێزراون.

جێگـەی ئاماژەپێکـردنە کـە سـەرداری دیـبۆکری، عـەلی یـار لـە یـەکێك لەو نامانــەدا چـۆنیەتیی چـوونیان لەگـەڵ پێشــەوا قــازی محەمــەد دا بــۆ بــاکۆ و ئازەربایجـانی رووسـیا و کۆبوونەوەکانیانی بێ کەموکورتی و بە تێروتەسەلی بۆ دەرباری شای ئێران نووسیووە و ئەوانی لێ ئاگادار کردۆتەوە.

ناکـرێ لەم نووسینە کورتەدا باسی ناوەڕۆکی هەموو ئەو نامانە بکەین، بەڵام لـە ڕووی کاریگـەریی نـاوەڕۆکی نامەکانـەوە" ئەم نامەیەی عەلی یار گەورەترین گـورز بـووە لـە کۆمـار و لـە ڕووی ڕێـژەی نامەکانیشـەوە" عومـەر خـانی شکاك زیاترین ڕێژە (ژمارە) نامەی بۆ دەربار نووسیووە.

هـەر دوابـەدوای دەرچـوونی لەشـکری رووس لـە کوردسـتان" عومەر خان بە پەلـە نامەیـەکی بـۆ شـای ئێـران نووسـیوە و لـەو نامەیـەدا داوا لـە شـا دەکـات هەرچـی زووترە ئەرتەشی ئێران بگاتە کوردستان و" نووسیویەتی وا من بە خۆم و هـەموو هۆزی شکاکەوە وەکو سەربازی شای ئێران" بەرهەڤین فەرمانەکانتان بـە جـێ بگەیـەنین. هـەر بـۆ ئـەوەی دەربـاری شاهەنشـا لـە دڵسۆزی و گوێ بە فـەرمانیی خـۆی دڵـنیا بکاتـەوە" دوو کوڕی خۆی بە ناوی قادر و لەزگین بۆ لای

شاهەنشا  ناردووەتە تاران، تا لە کاتی هاتنی ئەرتەشی ئێران بۆ کوردستان“ بە تایبەت بۆ مهاباد“ ڕێنوێنیی ئەرتەش بکەن و ببن بە چاوساخیان.

جگـە لـە عومـەرخان“ زۆربـەی سـەرۆك هـۆز و خێـڵە کوردەکـانی دیکەش بۆ دڵـنیایی و ڕێـنمایی ئەرتـەش و ئیسـپاتی ئالقەلەگوێیی خۆیان بۆ دەربار“ کوڕ و برا و کەسانی دڵسۆزی خۆیان ڕەوانەی تاران کردبوو.

**سەروان (کیۆمەرس ساڵح) دەنووسێ:**

لـە ڕۆژی (٢٧)ی ئەیـلوول چـەند یەکەیەکی لەشکری ئێران کە لە تۆپخانە و تیربـار و چـەند تـانکێك (چـەند کۆنـە، تانکێکی لەکارکەوتوو) لە تارانەوە بەرەو تەورێـز وەڕێ کـەوتن“ سـێ ڕۆژ دواتر واتە لە (٢٠)ی مانگ لە دەوروبەری شاری تەورێــز دامــەزران، بــەڵام هــەر بــە بیســتنی ئــەم هەواڵــە هــەموو ســەرانی حکوومەتەکەی ئازەربایجان بەرەو رووسیا هەڵاتبوون و وڵاتیان بەجێ هێشتبوو، بەڵام ئەرتەشی ئێران بۆ دڵنیابوون لە زۆر شت“ تا ڕۆژی دواتر واتە (٢١)ی مانگ خۆی لە چوونە ناو شاری تەورێز پاراست.

**لێرەدا سەروان کیۆمەرس ساڵح دەنووسێ:**

ئـەو کاتـەی دەسـت بەسـەر شـاری تەورێـزدا گـیرا“ مـن بـۆ ئامادەکـردنی ژمارەیەکی نوێی مانگنامەکە گەڕامەوە تاران. .

لـە ڕۆژانـی دواتر بڕیاری ڕووەو کوردستان بوون“ بۆ ئەرتەش دەرچوو“ هەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئـەو چـەند یەکـە لەشـکریەی کـە هـەر لـە سەردەمی کۆماری کوردسـتانەوە لـە سـنەو کامیـاران و دیوانـدەرە تا نزیك سەقز جێگیر کرابوون و جارجـارەش لەگەڵ لەشکری کۆماری کوردستاندا تووشی شەڕ دەبوون“  بڕیاری ڕووەو مهاباد بوونیان بۆ دەرچوو.

لەشـکری تارانیان لەگەڵ هەندێ یەکەی دیکەی لەشکری ئێران لە تەورێزەوە

بـۆ گەیشـتن بـەو هێزانەی ناومان هێنان" لە ڕێگای قەزوێنەوە بەرەو کوردستان نـارد. ئـەم هێـزانە ڕۆژی (٢٠)ی مـانگی سـەرماوەز گەیشتنە، سەقز و لەوێوە بە ڕێـنمایی سـەرۆك هۆزەکـانی کـورد بـە ڕێگـای بۆکـاندا بـەرەو نـاوەندی کۆمـار (مهاباد) وەڕێ کەوتن.

ئەم لەشکرە ڕۆژی (٢٩)ی سەرماوەز گەیشتە مهاباد و زۆر بە پەلە ئەفسەرە تایبەتەکان کەوتنە شوێن قازی محەمەد و سەیف و سەدر.

ئەرتەشـی ئێـران لـە پادگانـە چووکەکەی مهاباد دامەزرا و باروبنەی داکوتا، هـەر ئەوشـەوە بـە ڕێگـەی (بێـتەل)ەوە پـەیوەندییان بـە تارانـەوە کرد و داوای چـۆنیەتیی یەکلاکـردنەوەی چارەنووسـی قازییـەکانیان کـرد. قازییـەکانیش لـە سەربازخانەدا بەند کرابوون.

زۆر زوو لە تارانەوە فەرمان گەیشت کە لێژنەی دادگەی مەیدانی پێك هاتووە و بۆ دادگایی کردنیان بەرەو مهاباد بەڕێوەن.

ڕۆژی (٦)ی ڕێـبەندان لێژنـەی دادگـە بـە سـەرۆکایەتیی سـەرهەنگ غـولام حوسـێن عەزیمی و دادستان" سەرهەنگ حەسەن کووفانیان و دادیاری سەرگورد جەعفـەر سـانعی و لەژێـر چـاودێری سـەرهەنگ ئـەمیر هۆشـەنگ خلعتـبەری" گەیشتنە مهاباد و کۆبوونەوەی دادگەییکردنی قازییەکان دەستی پێ کرد.

**سەروان کیومەرس دەڵێ:**

مـنیش لە تەواوی دانیشتن و کۆبوونەوەکانی دادگەییکردنەکان ئامادە بووم، دانیشـتنەکانی دادگـە چـەند سەعاتێکیان درێژە دەبوو، پرسیار و تاوانەکان لە لایـەن دادسـتان حەسـەن کووفانیانەوە دەخرانە ڕوو، دەتوانم بڵێم پرسیارەکان ڕۆشن و ڕوون نەبوون.

بەشـی زۆربەی تاوانەکان لە لایەن تاوانبارەکانەوە (قازییەکان) ڕەت کرانەوە

و قازییـەکان زۆر بوێرانە داوای هێنانەوەی بەڵگەیان دەکرد، بەڵام لە بەر ئەوەی پێشتر هەر لە تارانەوە تاوانەکان دەستنیشان کرابوون و هەر لە وێشەوە بڕیاری کۆتـایی وەرگیرا بوو" قەراریش وا نەبوو هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەو تاوانانە پێشکەش و پەسـەند بکرێ، بۆیە دانیشتنی دادگە وەك ڕیزبەندیەك" دوای چەند کاتژمێرێك کۆتـایی هـات و دوای نیـو کاتژمێریش بڕیاری لەسێدارەدانی قازییەکان، پەسەند کـرا. لـە ڕاسـتیدا ئەو بڕیارە لە تاران درا بوو و هەر ئەو شەوەیش ئەو بڕیارە بە قازییەکان ڕاگەیەنرا.

## تاوانەکانی قازی محەمەد کە بەهۆی ئەمانەوە
## بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچوو

١- بازرگانیکردنی نەوت لەگەڵ دەوڵەتی رووسیا بەبڕی ٥١٪ بۆ دەوڵەتی رووس و ٤٩٪ بۆ کۆماری کوردستان بە بێ ئاگاداری و ڕەزامەندیی دەوڵەتی ناوەندی.

٢- گۆڕین و دەستکاریکردنی نەخشەی وڵاتی ئێران و جیاکردنەوەی (٥) شاری ورمێ، کرمانشا، سنە، تەورێز و ئیلام.

٣- دانان و دروستکردنی (پەرچەم) ئاڵا بۆ کۆماری کوردستان، بە ئارمی چەکوچ وداس لە سەر شێوەی ئاڵای رووسیا.

٤- لێدانی سکەی پوول (پارە) بۆ حکوومەتی کوردستان بە ناوی کوردستان و بە وێنەی رووپیەی رووسی و وێنەی قازی محەمەد.

٥- سازکردنی نەخشەی کوردستانی گەورە هی هەر چوار پارچەی کوردستانی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا.

٦- هێنانی بێگانە بۆ ئێران و خستنەژێردەستی بەشێك لە خاکی ئێران بۆ نموونە مەلا مستەفای بارزانی.

٧- هەڕەشەکردن لە شاهنشای ئێران و دەوڵەتی ئێران و ڕاگەیاندنی شەڕ و هاندانی خەڵکی کوردستان لە دژی شاهنشا ئاریامێهر.

٨- پەیمان و بەڵێن بەستن لەگەڵ حکوومەتی رووسیا لە دژی حکوومەتی ئێران و هاوکاریی هێزەکانی داگیرکەری رووسیا لە تەواوی خاکی ئێراندا.

٩- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی حکوومەتی کوردستان و داگیرکردنی بەشێکی گەورە لە خاکی ئێران بە ناوی خاکی کوردستان.

١٠- ناردن و هاتوچۆ بۆ دەرەوەی وڵات و سەردانی رووسیا و دانیشتن و کۆبوونەوە لەگەڵ (باقرۆف)ی سەرۆك کۆماری ئازەربایجانی رووسیا.

١١- گرێدانی پەیمانـنامە و گرێبەندی بازرگانی بە بێ پرس و ڕای تاران لەگەڵ بێگانە و ناحەزانی ئێران.

١٢- گـرتن و کوشـتنی کارمـەندانی مـیری و رووخـاندنی خانووەکانیـان و سووتاندنی ماڵەکانیان بە تایبەت کارمەندە غەیرە کوردەکان.

**نووسەر و پەیامنێری ماهنامە لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دەنووسێ:**

قـازی محەمـەد زۆر بـە تونـدی هـەموو ئـەو تاوانانـەی ڕەت دەکـردنەوە تـەنیا سێیانیان نەبێت" ئەوانیش:

١- چوونی باکۆی ئازەربایجان و چاوپێکەوتن لە گەڵ جەعفەر باقرۆف.

٢- بوونـی ئـاڵا بـەڵام نـەوەك ئـەوان بـۆی چوون کە چەکوچ و داسی لە شێوەی پەرچەمی رووسیا لە سەر بووبێ.

٣- هـاتنی مـەلا مسـتەفای بـارزانی بـۆ مـەهاباد" ئـەویش نـەك کەس هێنابێتی" بـەڵکوو خـۆی هـاتووە، چـونکە ئەو کوردە و کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە و هـەر کوردێك حەز بکا لە هەر بستە خاکێکی خۆیدا بژی" هەقی خۆیەتی، چونکە مافی خاوەن ماڵە.

**تاوانەکانی سەیفی قازی یان موحەمەد حوسێن خانی قازی"**
**وەزیری جەنگ و جێگری سەرۆك کۆماری کوردستان قازی محەمەد**

١- چوونی دەرەوەی وڵات، باکۆ پایتەختی ئازەربایجانی رووسیا.
٢- پەیوەندیکردن بە پیشەوەری سەرۆك کۆماری ئازەربایجانی ئێران لە تەورێز و لەگەڵیدا کۆبوونەوە و پەیمان بەستن لەگەڵ هەردوو سەرۆك کۆماری ئازەربایجانی رووسیا و ئازەربایجانی ئێران" واتە لەگەڵ پیشەوەری و باقرۆف کە ئەویش پەیمانێکی سێکوچکەیی سەربازیی بووە.
٣- وەرگرتنی وەزارەتی جەنگ لە کۆماری کوردستان لە دژی حکوومەتی ئێران .

## تاوانەکانی سەدری قازی" یان ئەبولقاسم سەدری قازی" کە بە نوێنەری دەورەی (١٤)ی مەجلسی شۆرای مللیی ئێران لە لایەن خەڵکی کوردەوە لە بەشی مەهاباد و دەوروپشتی ئەو شارە هەڵبژێردرابوو

١- نووسینی شیعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفای بارزانی و بەو شیعرە بەخێرهێنان و پێهەڵگوتنی وەکو ڕەمزی پیرۆزی گەلی کورد.

٢- هاوکاریکردنی قازی محەمەد و وەزیرانی کۆماری کوردستان و حکوومەتەکەیان و دانانی ڕێوشوێنی حکوومەتداری و دامەزراندنی کاروباری حکوومەتداری لە مەهاباد.

٣- نووسینی نامەیەك بۆ قازی محەمەد کە تێیدا نووسیویەتی: خۆتان ڕاگرن تا لە دەرەوە کۆمەکتان پێدەگات.

٤- هاندانی خەڵك لە دژی حکوومەتی ئێران و دڵنیاکردنی بەرپرسانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەوەی کە تازە دەوڵەتی ئێران ناتوانێ شەڕ لەگەڵ کۆماری کوردستاندا بکات.

لەسەر وردەکارییەکانی بەڕێوەچوونی دادگاکە" کیومەرس ساڵح دەنووسێ:

دانیشتنی دادگە نزیکەی چوار سەعاتی خایاند و دەستەی دادگەکە دوای نیو کاتژمێر پرس و ڕاگۆڕینەوە، بڕیاری لە سێدارەدانیان دا و بە هۆی بێتەلەوە بە ستادی ئەرتەش کە ئەو کات، سپەهبەد ئەرشەد هومایوونی، سەرۆکی ستاد بوو و ژەنەڕاڵ ئاجوودانی شا لە دەربار و سەرهەنگ فەتحوڵڵا مین باشیان" پەیوەندیان کرد و لە وێوە بڕیاری گەڕانەوەی تارانیان وەرگرت. هەر ئەو شەوە بە ڕێگەی میاندواوەوە گەڕانەوە تاران.

ئەو شیعرەی کە ئەبولقاسم سەدری قازی پێ تاوانبارکرا هەر بە کوردی لە ژمارە (٦٦)ی ماهنامە-مسلسل ١٥٣دا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ تێکەڵیی

هەندێ وشە و هەڵەی چاپی ئەویش، چونکە سەروان کیۆمەرس ساڵح کوردی نەزانیوە و دیارە ئەوەی تایپیشی کردووە هەر کوردی نەزانیوە" تا بتوانن فۆنەتیکی شیعرەکە بە جوانی بنووسنەوە و چاپی بکەن. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە هەر لەو گۆڤارەدا، لە وێژەنامەکەی تاج کیان–یش دا زۆر بابەتی گرنگ و بە پێز لە بارەی کۆماری کوردستان و بزاڤ و چالاکییە هونەری و ئەدەبیەکانی ئەو کاتی مەهاباد بڵاوکراونەتەوە، ئەمەش دەقی ئەو شیعرەیە کە بووە بەندی یەکەمی تاوانبار بوون و لە سێدارەدانی سەدری قازی:

یا خوا بە خێر بێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
ڕەمزی پیرۆزی گەل و نیشتمانەکەم
بارزانی دوژمن شکێنی، شێری ژیانەکەم
پێت لە سەر چاو و قەزات لە ماڵ و گیانەکەم
بێی تۆ گەل و نیشتمانم بێ خێو و دیلە
ژێر چەپۆکی دوژمن و زەرد و مات و زەلیلە
دڵی دوژمن لە ترسی هەڵمەتت دێتە لەرزە
نیە دوژمن بەرنگارەت لەم کوڕەی ئەرزە
بە تۆ ناسرا گەل و نیشتمانی کوردەواری
ئەتۆی بەرز و باریز لە هەر لایە دیاری
بێی تۆیە کە دوژمن بە سەر نیشتماندا زاڵە
بێی تۆ گەل وەك مەڵی زامار و بێ پەڕ و باڵە
تۆ مەردی مەیدان و نەبەرد و ڕۆڵەی
واریسی پیرۆزی ئیرسی بارزان و تۆڵەی
بە مێژوو خاوەن نیشتمان و گەل و خێوی

بە بەرزیت بازی بارزان و لووتکەی کێوی
لای دوژمن باریز و ناوبانگی بە ناوان
بە بیستن دوژمن چرکەمیزە دەگرێ لە تاوان
بە بارزانم دەنازم، ئەقدەسی رووی زەمینە
بێشەی شێر و ئاوەکەی مایەی ژینە
لە تۆ فێربوون بە دەردی بێبەشان ئاشنایی
بە تۆ بوو شەوی بەخت رەشان رەوشەنایی
بێ تۆیە ئەم نیشتمانە دەکەن بەش بەش و دابەش
بەم بەش و پڕش و پەرێشانە بوو بێبەش
هەر تۆ بۆ نیشتمان غەمخۆر و پڕ مشووری
فەرامۆشت نەکرد لە کاتی غوربەت و دووری
تۆ بۆ گەل و نیشتمان موژدە و هەم فریشتەی
بەشارەتهێنەری ئەم هەر دوو شار و دەشتەی
گەلم بێ تۆ هەتیو و پەریشان و وەڕەز بوو
مەلی بێ پەڕ و باڵ و گرفتاری قەفەس بوو
بە تۆ گەشاوە روخساری پڕ چرچ و چرووکم
بە تۆ ڕزگار و ژیاوە گەلی مەهتووک و سووکم
کوردم و لەو خاکە بوومە بەو ئاوە ژیاوم
بۆ ئازادیی گەل و ڕزگاریی نیشتمانم نەماوم
من بە رووت و قووتی و پێخواس و بێ کراسی
لە ماڵی خۆما دوژمن بە سەربارم دەناسی
مەقدەمی خێرت لای برد غەمی زۆرم لە سەر شان

بە تۆ سارێژ بوو تەنی پڕ زام و حاڵی پەرێشان
زامی دەردی کوردانم پڕ ژان و لە مێژە
دەرمانی دەردی موزمین دوور و درێژە
سەروەر موستەفایە بۆ موحەممەد پشتیوانە و برایە
یا ڕەب شوعلەوەر کەی ئەو دوو چرایە
یا ڕەب بە فەزل و فەیزی خۆت و نووری ئیمان
موەففەق کە موحەممەد ، هەم مستەفا را ب خاتری قورئان
فەخری گەل مستەفا و بارزان مایەی شانازی
فیداتە گیان و سەر و ماڵی سەدری قازی
ئەوەی بارزان وا نەناسێ بێ هۆشی بێ زمانە
کەر و گێژ و وێژ و حەیوان و نەزانە
ئەوەی ناحەزی بارزانە جاش و خۆفرۆشە یانی
گەواد بابە و زۆڵە کوردە و دایکی زانی

## دووباره دادگایی کردنه‌وه‌ی قازییه‌کان

دوای تێپه‌ڕبوونی نزیکه‌ی ماوه‌ی سێ مانگ به سه‌ر دادگاییکردنی قازییه‌کاندا" ئینجا له ستادی ئه‌رته‌شی ئێران ده‌سته‌یه‌ك بۆ دووباره دادگاییکردنه‌وه‌ی قازییه‌کان له مانه‌ی خواره‌وه ده‌ستنیشان کرا.

١- سه‌رهه‌نگ ره‌زا نیکۆ زاده (دادستان).

٢- سه‌رهه‌نگ ره‌جه‌ب عه‌تا (سه‌رۆکی دادگه‌ی دووباره‌پێداچوونه‌وه).

٣- سه‌روان حوسێن سولح جوو (ئه‌ندام).

٤- سه‌روان نه‌به‌وی" وه‌ك پارێزه‌ر بۆ قازییه‌کان ده‌ستنیشان کرا بوو.

**لێره‌دا هه‌واڵنێر کیۆمه‌رس ده‌نووسێ:**

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که تاوانباره‌کان (قازییه‌کان) به وردی به‌رگریکردن و ره‌تدانه‌وه‌ی خۆیان بۆ ئه‌و تاوانانه له (١١٤) لاپه‌ڕه‌دا له دانیشتنی یه‌که‌مدا به دادگه‌ی پێداچوونه‌وه دابوو و داوای سه‌لماندنیان کردبوو، به‌ڵام داواکه‌یان بۆ ماوه‌ی نزیکه‌ی سێ مانگ له دادگه‌ی مه‌یدانیی ستادی ئه‌رته‌ش دانرا بوو" چۆن له مه‌هاباد داخرا بوو و مۆر کر ابوو" هه‌ر به‌و شێوه‌یه مابووه و هیچ که‌س ئاماده نه‌بوو ته‌نیا بشیکاته‌وه یاخود بیخوێنێته‌وه.

هه‌روه‌ها له کاتی هاتنی ده‌سته‌ی دادگایی له تارانه‌وه بۆ مه‌هاباد ئه‌م داواکارییه‌ی به‌رگریکردنیان له‌گه‌ڵ خۆیان بۆ نه‌هێنابوون" تا لانی که‌م له کاتی دادگه‌ییکردنی دووباره‌شیاندا هه‌ر ته‌نانه‌ت پێیان بڵێن ئه‌وانه‌مان قه‌بووڵ نییه.

ئه‌گه‌ر چی تاوانباره‌کان (قازییه‌کان) زۆر له خۆیان و له‌و نووسراوه‌ی بۆ به‌رگریکردن و سه‌لماندنی بێتاوانیی خۆیان ئاماده‌یان کردبوو دڵنیا بوون، به‌ڵام دیار بوو بڕیاری تاوانبارکردنیان هه‌ر له تارانه‌وه ده‌رچووبوو.

تاوانـباران وایـان بـیر دەکردەوە کە هەر یەکەیان لە وانەیە چەند ساڵێك بەند بکرێن بەڵام وا دەرنەچوو.

لە درێژەی نووسینەکەیدا **کیۆمەرس دەنووسێ:**

دەسـتەی پێداچـوونەوە و دادگەییکـردنەوەی قازییـەکان لـە لایـەن سـتاد (فـەرماندەیی) لەشـکرییەوە دەستنیشـان کـران و بە شای ئێرانیش ناسێندران. شاهەنشا هـەندێ ئامۆژگاری و راسپاردەی کردن کە بە هیچ شێوەیەك نابێ شك و گومـان لـە دادگـەدا بکـەن و بـەردەوام پـەیوەندیی بێـتەلیان دەگـەڵ سـتادی ئەرتەشدا هەبێت.

دەستەی دیاریکراوی دادگە لە ڕۆژی (١٩٤٧/٣/٢٥) لە تارانەوە بەرەو تەورێز و لـە وێوە بۆ میاندوا و وەمەهاباد وەڕێ کەوتن، ڕۆژی (١٩٤٧/٣/٢٨) گەیشتینە شـوێنی مەبەسـت و شـەوێك لـە پادگـانی مـەهاباد پشـوومان دا. بـەیانی دادگـە دەسـتی پـێ کـرد، سـەرەتا قـازی محەمـەدیان هێـنا و دەسـت کـرا بـە پرسـیارلێکردنی، تاوانـەکانی هەمان ئەو ١٢ ماددەیەی پێشوو بوون کە لە لایەن دادگـەی سـەربازیی سـەحراییەوە جـاری پێشـتر رووبـەڕووی کرابوونەوە و قازی محەمـەدیش جگـە لـە سـێیانیان نـەبێت" هـەموو ئـەوانی دیکەی بە توندی ڕەت کردنەوە. قازی محەمەد دووبارە بۆ سەلماندنی تاوانەکانی دادگە" داوای بەڵگەی دەکـرد. لـە تـەواوی کاتی خوێندنەوەی تاوانەکان و بەرگری لەخۆکردنیدا" قازی محەمـەد زۆر ئـارام و لەسـەرخۆ بـوو، زۆر بـە ڕێـز و بـە هێمـنیەوە وەڵامـی پرسیارەکانی دەدایەوە.

بـە هـۆی پێداگـریی قـازی محەمـەد لەسـەر ڕەتکـردنەوەی تاوانـەکانی دادگـە، دادسـتان بـە سـەر قـازی دا نەڕاندی و زۆر بە تووڕەیی قسەی لەگەڵ کرد، قازی محەمـەدیش کاردانـەوەی بـە تووڕەبوونـی خۆی نیشان دا و بە زمانی فارسی بە

دادستانی گوت:

شما هم خورده دیگران را نشخوار میکنید.

**هەروەها پێی گوت:**

شما اگر دین ندارید و خدارا هم نمی شناسید و ایمان به حساب و کتاب اخرت ندارید" لا اقل زره‌ای جوانمرد باشید.

**پێی گوت:**

ئەم هەموو درۆ و بوختانەتان چۆن بۆ من دروست کردووە" ئەگەر ڕاست دەکەن بەڵگەیەك بخەنە ڕوو.

لەبەر ئەوەی ئەم قسانە لە ناو فارساندا ئیهانەیەکی گەورەیە" بۆیە بەو قسانەی قازی دادستان زۆرتر تووڕە بوو" تاکو بە مستیش لە سەری خۆی دا و بە قازی محەمەدی گوت:

کوردان سەگ سفەت؟! بەڵام تووڕەیی و هەڕەشەی دادستان کاری لە قازی نەکرد" بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاتر بە رووی دادستاندا هەڵپژا و **پێی گوت:**

سەگ و بێ شەرەف و بێ ئابڕوو" ئێوەن" کە **هیچ** سنوورێك بۆ خۆتان و بۆ خەڵك و یاسا دانانێن، ئاخر بێ شەرەف" ئەتۆ هەر دەتوانی بڕیارێك کە ئەو بێ شەرەفەکەی دیکە داویەتی" جێبەجێی بکەی" لەوە زیاتر **هیچ** هەڵەیەکی دیکەت لە دەست نایە، من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردووە و بە باوەشی ئاواڵاوە" ئەوەی کە بێ تاوانم و لە ڕێگەی ئازادیی میللەتەکەمدا دەکوژرێم" ئەمە بە رەحمەت لە لای خودا بۆ خۆم دەزانم. شانازی بەو مەرگ و مردنە مەردانەیە دەکەم.

دوای تەواوبوونی قسەکانی" قازی محەمەد بڕیاری دا ئیتر هیچ قسەیەك نەکات و وەڵامی **هیچ** پرسیارێکی دیکەی دادگە نەداتەوە، **قازی سوێندی خوارد**

**وەڵام نەداتەوە و گوتی:**

ئەم نامەردە هەر غەڵەتێکی دەیکا با بیکا.

دادستانیش بۆ ئەوەی قازی محەمەد بێتەوە سەر خۆی و بەڵکوو لە بڕیارەکەی پاشگەز بێتەوە" کاتی پشوودانی دادگەکەی ڕاگەیاند و دوای پشوودان زۆریان هەوڵ و تەقەڵڵا دا کە وەڵامی پرسیارەکانی دادستان سەرهەنگ نیکۆزاد بداتەوە، **بەڵام قازی محەمەد گوتی:**

کە ئێستا بڕیار وایە من لەسێدارە بدرێم" ئەمە بە خاتری ئەو سۆز و بەڵێنەیە کە من بە میللەتەکەم داوە، بڕیارم داوە لەگەڵ گەلەکەمدا بژیم و بۆ ئەو بمرم، تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم و سوێندێك کە خواردوومە" بشکێنم، بە هۆی ئەو هەموو بێ شەرەفیەی سەرهەنگ کە خۆی کردووە بە دادستان، من ئامادە نیم وەڵامی ئەو کەسە بدەمەوە" مەگەر کەسێکی دیکە پرسیارم لێ بکات.

کاتێك ڕوون بووەوە کە قازی محەمەد ئامادە نییە قسە بکات" دەستەی دادگە لە نێوان خۆیاندا کەوتنە ڕاگۆڕینەوە، ناچار بڕیاریان دا لە شوێنی سەرهەنگ نیکۆزاد دا" سەرهەنگ رەجەب عەتایی کە سەرۆکی دادگە بوو، بوو بە دادستانی دادگەکە.

پرسیارەکان دووبارە لە یەکەمەوە دەست پێ کرایەوە" قازی محەمەدیش هەموو ئەوانی ڕەتی کردبوونەوە" دیسان ڕەتی کردنەوە، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بۆچی بە بێ ئاخاوتن لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی" گرێبەندی بازرگانیی نەفتتان لەگەڵ حکوومەتی رووسیادا بەستووە" **قازی موحەمەد پێکەنی و گوتی:**

کامە نەفت، ئێمە کام بیر و کۆمپانیای نەفتمان لە بەردەستدا بووە تا بازرگانی پێوە بکەین، سەیرە" ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بە ناڕەوا تاوانمان بدەنە

پالێ، تاوان و بوختانێکمان بۆ دروست بکەن“ کە لانی کەم وێ بچێ. ڕەنگە ئێوە ئاوی ئەم ڕووبارە کە بە ناو شاری مەهابادا ڕەت دەبێ“ بە نەفت بزانن، بە راستی ئێوە زۆر نەزانانە و بێ سەروبەرانە ئەو هەموو تاوانەتان بۆ هەڵبەستووین کە هیچ کامیان بناغەیان نییە.

هەروەها لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە گوایە قازی محەمەد رێگەی داوە“ یاخود داوای لە بێگانە کردووە بێتە ناو خاکی ئێرانەوە“ وەك مەلا مستەفا“ **قازی محەمەد هەر وەك سێ مانگ بەر لە ئێستە وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە و گوتی:**

مەلا مستەفا لە کوردستان بێگانە نەبووە و نییە، کوردستان ماڵی هەر کوردێکە، کەس ئەوی نەهێناوە“ بارودۆخ وای کردووە کە ئەو بۆ بەشێکی دیکە لە ماڵی خۆی بێت، واتە لە بەشێکی ماڵەکەی خۆیەوە“ هاتووە بۆ بەشێکی دیکەی ماڵی خۆی و وەسەلام.

ئەوجا سەرهەنگ عەتایی یەکە یەکە پرسیارەکانی دووبارە پرسینەوە و قازی محەمەدیش هەر وەك پێشتر هەموو تاوانەکانی دووبارە رەت کردنەوە“ لەو کاتەدا دیسان سەرهەنگ نیکۆزاد، کە دادستان بوو و قازی محەمەد زۆر بە توندی لە بەرامبەری وەستا بوو“ وەکو مار خۆی دەخواردەوە“ پارچە قوماشێکی لە جانتاکەی دەرهێنا کە ڕەنگی سوور و سپی و سەوز بوو“ چەکوچ و داسێکی لە سەر کێشرابوو و بە قازی محەمەدی گوت:

ئەی هەموو حکوومەت و پەرچەم و تەشکیلاتت ئەوە نییە؟!! سەرهەنگ تفێکی لە ئاڵاکە کرد و خستییە بەر پێی و پێی لێ نا؟! **قازی محەمەد لە بەرانبەر ئەم کردەوەی سەرهەنگدا گوتی:**

جارێ ئەمە هەرگیز ئاڵای کوردستان نییە و نەبووە، چونکە ئاڵای ئێمە

چەکوچ و داسی تێدا نییە، پاشان ئەم هەڵسوکەوتەتان نیشانەی کەم عاقڵی و بێ شعووری تۆ دەگەیەنێ، دڵنیا بن ئێوە دەستتان بە ئاڵای کوردستان ناگا بێ حورمەتیی پێ بکەن، ڕۆژێکیش دێت لە سەر ئەو خانووەی کە منی تێدا دادگەیی دەکرێم" هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە.

پەرچەم (ئاڵا)ی کوردستانم وا بە مەلا مستەفای بارزانی سپاردووە و لە سەر شانی ئەو" لەو چیا بۆ ئەو چیا و لەو شار بۆ ئەو شار و لەو وڵاتە بۆ ئەو وڵاتەی دەبا" تا ڕۆژێک لە تەواوی بەرزایی و بڵندایییەکانی کوردستان هەڵ دەدرێ و دەشەکێتەوە، دڵنیا بن ئەو ڕۆژە دێ.

ئینجا سەرهەنگ داوای لە قازی محەمەد کرد کە هەر چەند ئەم بابەتە لە دەرەوەی بەرنامەی ئیشوکاری دادگەیە" بەڵام ئەگەر بکرێ هەندێ تایبەتمەندیی و خوڕەوشتی مەلا مستەفا بارزانییان بۆ باس بکات، چ وەک بیروباوەڕ و بۆچوونی خۆی" یان وەک خوڕەوشت و ئاکاری خودی بارزانی، بە بێ دەمارگرژی.

**قازی محەمەد گوتی:**

لە مەلا مستەفا بارزانی بگەڕێ" تۆ خۆت گوتت کە مەلا مستەفا کەسێکی بیانییە و ئەمە لە دەرەوەی ئیشوکاری دادگەیە.

**بەڵام دیسان سەرهەنگ داوای لێکردەوە.**

**قازی محەمەد گوتی:**

ئەگەر بە تەواوی باسی مەلا مستەفات بۆ بکەم" لە وانەیە بڵێی لایەنگیریی و خۆشەویستی و دەمارگرژیی کوردانە گرتوویەتی..

سەرهەنگ عەتا سوێندی بۆ خوارد کە من بڕوام بە ڕاستگۆیی تۆ هەیە، هەر لەو دادگەیەدا بۆم روون بۆتەوە کە هەرچی گوتووتە و دەیڵێی" لە ناخی

دڵتەوەیە و بە باوەڕەوە گوتووتە.

**ئینجا قازی محەمەد گوتی:**

مـن نـاتوانم هـەموو تایـبەتمەندییەکانی بـارزانی بۆ ئێوە باس بکەم، ئێوەش هەرگیـز نـاتوانن بـارزانی بـە تـەواوی بناسـن، ئەگـەر مـنیش بڵێم" ئێوە هەرگیز پەسـندی ناکـەن کـە دووژمنـتان بـەو هـەموو کـردەوە و تایـبەتمەندییە بـاش و جوانانەوە بناسن و لە ریزی دوژمنایەتیی ئێوەشدا بێ.

دادسـتان هـەڵی دایـێ و داوای لـێ کـرد کـە بـە رادەی زانیـاریی خـۆی" مـەلا مستەفایان پێ بناسێنێ، هەرچی لە بارەیەوە دەیزانێ بیڵێ.

**قازی محەمەد دیسان پێی لە سەر ئەوە دادەگرت و گوتی:**

نـە مـن و نە کەس ناتوانێ بارزانی وەك خۆی بە ئێوە بناسێنێ، حەز دەکەم لەو باسە بگەڕێین.

بەڵام دیسان داوایان لێ کرد ئەو باسەیان بۆ بکات. **قازی محەمەد گوتی:**

باشـە، بـەڵام تـەنیا لـە چـەند رستەیەکدا دەتوانم بڵێم مەلا مستەفا بارزانی، ئەوەی لە پیاوەتی و کەرامەت و شەرافەت و ئینسانیەت و شەجاعەت و نەبەزیی و سـەخاوەت و پیـاوەتی و نەترسـیی لە مێژوودا کەسانی مەزن بووبێتیان، مەلا مسـتەفاش هەیـەتی، ئـەوەی موسـڵمانانی سەدری ئیسلام لە باوەڕ و راستیی و پـاکیی و دڵسـۆزیی بـۆ خـوا و ئـایین و خـەڵکی هـەژار و داماوی میللەت بوویانە بارزانی هەموو ئەوانەی تێدایە:

**هەر وەکوو سەعدی دەڵێ:**

**هرانچە خوبان همەدارند، او بتنها دارد.**

جـا حـەز دەکـەن بـاوەڕ بکەن و پێتان خۆش" بێ یا حەز دەکەن پێتان ناخۆش بێ.

هـەموو ئەوانـەی لـە دادگەکـەدا بەرهـەڤ بـوون“ سـەریان لـەو تاریفـەی قازی محەمـەد سورِ ما، قازی محەمەد دیاربوو هەموو ئەو قسانەی لە ناخی دڵیەوە بە بـاوەڕەوە دەگـوت و هیـچ شـك وگومـان لـەوەدا نەبوو ئەو تاریفانەی کە لە مەلا مسـتەفای کـردن“ نـە بـە خاتـری دڵخۆشـیی مـەلا مسـتەفا بـوو، نـە بـە خاتـری دەستەی دادگە.

**عەتایی لێی پرسی:**

ئەو هەموو تووڕەییەتان لە جەنابی سەرهەنگ نیکۆزاد چی بوو، چونکە ئێمە بیستوومانە لەم وڵاتەدا کەس بە ڕادەی تۆ لەسەرخۆ و ئارام و هێمن نییە.

**قازی محەمەد گوتی:** من ئەو مافە بە کەس نادەم ئیهانە بە گەلەکەم بکات و ئێستا من لە پێناوی ئەو میللەتەدا حوکمی لەسێدارەدرانم پیێ دراوە“ تازە من بە خاتری چی ئامادە بم ئیهانەی هەر خوێڕی و ناپیاوێك قەبووڵ بکەم و من تەنیا ( مقابەلە بالمثل )م کردەوەو وەڵامی ئەوم داوەتەوە نە زیاتر، ئەمە کاری خوایە کە دەبـێ خـۆڕی و بـێ سـەروپێییەك بێـت و ئیهانـە بـە میلـلەتی کورد بکات“ ئەمە لێهـاتوویی و لێـزانی ئێـوە نییـە. ئیـنجا مـن چـیم دەویێ تـا قـبووڵی هــەر بێحورمەتیەك بکەم“ هەروەك و سەعدی دەڵیێ:

(هـر انکس دسـت ازجـان بشـوید، هرانچـە در دل دارد بگوید)، ئەگەر من بە بێـنەزاکەتیم نەزانیـبا“ زۆری دیکـەم لە دڵدا بوو پێی بڵێم، تازە ئەوەی من داوام بـوو لـە خـوا، خـوا پێـی داوم“ واتـە مـەرگ و شـەهیدبوون لـە پێـناوی ئـایین و گەلەکـەمدا و هیـوادارم بـە روویـەکی سـوورەوە بچم بۆ بارەگای خوای گەورە و میهـرەبان. لـە کۆتایی ئەو دادگەیەدا“ ئەو تاوانەشیان خستە پاڵ قازی محەمەد کە گوایە ئەم دێرە شیعرە:

(اگرسراسـر پشـت بـردشمن دهیـم– ازان بـە کـەیکی بـە کشـتن دهیـم )ی بۆ

کۆمەڵێك ئەفسەر و کادیری کۆمار خوێندۆتەوە و ئەوانیش کردوویانە بە دروشمی خۆیان، بەڵام قازی محەمەد لە وەڵامدا گوتی:

جاری یەکەمە من ئەو شیعرە دەبیستم.

**دوایی دادستان خۆی گوتی:**

نانا" ئەو شیعرە سەدری قازی ئەبولقاسم سەدری قازی گوتوویەتی و قازی محەمەد شیعری دیکەی بەرانبەر هێزی چەکداری کۆماری کوردستان گوتووە و گوتوویەتی: (ئەرتەش و حکوومەتی ئێران) وەك دێرە شیعری:

پیرمردی زنزح می نالید پیرزن صندلیش هم می مالید.

**سەروان کیۆمەرس ساڵح دوای خانەنشینبوونی لە ژێرنووسی گۆڤارێکی دیکەدا دەنووسیٚ:**

من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانیی و سەربازیی و بەدەویدا وەك هەواڵنێر بەشداریم کردووە، ئەو کاتەی کە هەواڵنێری ماه نامەی ئەرتەش بووم، بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بە رادەی قازی محەمەد بە جەرگ و بوێر نەدیوە، هەرگیز لە کاتی دادگە کردنیدا نەترسا بوو و زۆر بە بێباکی قسەی دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە" وەك ئەوەی لە کۆڕی جەژن و داوەتێکدا دانیشتبیٚ" وابوو.

هەر لە سەروبەندی دادگەییکردنی قازی محەمەد بۆ جاری دووەمدا" کیۆمەرس ساڵح لە (ماه نامە) کەیدا **دەنووسیٚ:**

تەواوی هەلومەرج و رووداوەکانی دادگەییکردنەکەم وەکوو خۆی نووسیوە" دیارە هەر بەو هۆیەشەوە بووە دواتر بە تاوانی ئاشکراکردنی نهێنیی لەشکریی و دژەئەمنیەتبوون (ماه نامە)کەیان بڵاو نەکردۆتەوە و سەروان کیۆمەرس ساڵح ـ یان دادگایی کردووە.

لە درێژەی نووسینەکەیدا **سەروان کیۆمەرس دەنووسێ:**

کاتێك سەرهەنگ نیکۆزاد ئیهانەی بە قازی محەمەد و گەلی کورد کرد و قازی محەمەدیش زۆر بە توندی وەڵامی دایەوە" **قازی محەمەد وتی:**

پێشینانی ئێمە ئێوەیان زۆر باشتر لە ئێمە ناسی بوو، یاخوا خودا لەو شاعیرە خۆش بێ کە گوتوویەتی.

**سەروان کیۆمەرس سالّح دەڵێ:**

شیعرێکی زۆر بە واتاو بەرز و گەرمی خوێندەوە کە بە فارسی بوو و رەگ و ریشەی عەجەم و شیعەی دەردەهێنا.

حەزم دەکرد ئەو شیعرە بنووسمەوە و بزانم شیعری کێیە، بەڵام کات کاتی دادگە بوو" نەمتوانی شیعرەکەی پێ دووبارە بکەمەوە. لە دوای خوێندنەوەی شیعرەکە **قازی محەمەد گوتی:**

ئاوا پیشانی ئێمەیان داوە و ئێوەیان پێ ناساندووین.

**قازی محەمەد گوتی:**

هەزار رەحمەتیان لێ بێ.

دیسان سەرهەنگ عەتا پرسیاری لە قازی محەمەد کرد:

لەو کاتەوەی مەلا مستەفا بارزانی لەو ناوە رۆیشتووە" هیچ پەیوەندیەکتان لەگەڵیدا هەبووە، ئەگەر بووە لە چ رۆژێکدا و چۆن بووە؟.

**قازی محەمەد گوتی:**

تا بارزانی گەیشتە دەوروبەری شنۆ و نەغەدە (تەماس) پەیوەندیمان پێکەوە هەبوو، بەڵام لەوەتەی ئەو دوور کەوتۆتەوە" هیچ پەیوەندیەکمان نەماوە و ئاگام لێ نییە.

**دیسان لێیان پرسی:**

ئایا دەکرێ بڵێی ئەو کاتەی لەگەڵ مەلا مستەفادا پەیوەندیت هەبوو، مەلا مستەفا چی پێ ڕادەسپاردی، چ نەخشەیەکی بۆ ڕزگارکردنی تۆ هەبوو؟

**لەوەڵامدا قازی محەمەد گوتی:**

مەلا مستەفا بارزانی زۆری هەوڵدا من لەگەڵی بچم، تا نەخرابوومە بەندیخانەوە پێی وتم کە من دڵ بە بێ تاوانیی خۆم خۆش نەکەم، مەلا مستەفا وێنەی ڕاستەقینەی ئێوەی عەجەمی بۆ کێشام و حاڵیی کردم کە ئێوە چۆنن و چین و کێن.

**سەرهەنگ عەتا لێی پرسی:**

دەکرێ بڵێی ئەو وێنەیەی لە ئێمەی بۆ کێشای چی بوو و چۆن بوو؟

**قازی محەمەد گوتی:**

بە ڕاستی بارزانی ئێوەی لە هەموو کەسێك باشتر ناسیوە، **مەلا مستەفا پێی گوتم:**

هیچ گەل و مللەتێك وەك عەجەم نییە، عەجەم کاتێك دەستەڵاتی هەبوو لە خۆی بێبەزەیی و بێوێژدان و زاڵمتر نییە، بەڵام ئەگەر ژێر دەست بوو" کەس ناتوانێ و نازانێ وەك عەجەم خۆی زەلیل و مەزلووم بکا و بپاڕێتەوە. لە کاتی بەهێزیدا هەرچی لە دەستی دێ دەیکات و" لە کاتی بێدەستەڵاتیشدا بە هەر چیەك خۆی دەرباز کا" دەیکات و دەیڵێت، جا تۆ بە هیوای ئەوە مەبە کە تاوانێکت نەکردووە" عەجەم لێت خۆش بێ.

**دیسان سەرهەنگ عەتا پرسی:**

پەشیمان نیت کە لەگەڵی نەڕۆیشتی؟

**قازی محەمەد وڵامی دایەوە و گوتی:**

ئەگەر خوای گەورە ئەو شێوە مەرگەم بەخۆبەهیلاکدان دانەنێ" نا.. پەشیمان نیم، چونکە بەڵێنم بە میللەتی کورد دابوو لەگەڵی بژیم و لە پێناویدا بمرم. دەزانم ئەگەر من ڕۆییبام و ئەمنتان نەکەوتایە بەردەست" دڵنیام کەسانی زۆرتان لە خەڵکی مەهاباد و میللەتی کورد بە تۆڵەی من دەکوشت، جا بۆیە خۆشحاڵم بەوەی یەکەم" من بێ تاوان دەکوژرێم، دووەمیش" بە بەڵێنی خۆم وەفام کرد و هیوادارم رووسووری دنیا و قیامەت بم لە لای خودا و لە لای میللەتەکەم.

**پرسیار:**

ئایا کاتێك تۆ زیندانی بووی" بارزانی لە دەرەوەی مەهاباد هیچ نەخشەو پلانێکی بۆ ڕزگارکردنت هەبوو" یان شتی تر؟

**قازی محەمەد گوتی:**

بەڵێ" بارزانی خەبەری دامێ کە هەر شەوێك دەڵێ" من دەتوانم ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانم بنێرم و بێنە ناو پادگان و بە هەر جۆرێك بێت لە بەندیخانە ڕزگارت بکەم. مەلا مستەفا زۆری مەبەست بوو لە بەندیخانە نەمێنمەوە و نەکوژرێم.

**پرسیار:**

ئەی بۆچی ئەو کارەی نەکرد؟

**وەڵام:**

من خۆم نەمویست!

**پرسیار:**

لەبەرچی؟ بۆچی ئامادە نەبووی ڕزگارت ببێ؟!

**قازی محەمەد:**

لە بەر چەند هۆیەك بوو.

**سەرهەنگ عەتایی:**

هۆیەکان چی بوون؟

**قازی محەمەد:**

یەکەم لە بەر ئەو پەیمان و بەڵێنانەم بوو کە گوتم" دووەمیش بۆ ئەوە بوو زیاتر لەوە خوێن نەرێژرێ" بە تایبەت لە پێناوی مانەوەی من و" من نیگەرانی کوشت و کوشتار بووم.

**سەرهەنگ عەتا:**

بە ڕاستی نیگەرانی خۆت بووی" یاخود بارزانییەکان" یاخود نیگەرانی سەربازانی ئێمە بوویت؟! .

**قازی محەمەد:**

نەوەڵڵا" نە نیگەرانی خۆم بووم و نە نیگەرانی سەربازانی ئێوەش" بەڵکو من نیگەرانی کوردەکان و لاوە بارزانییەکان بووم، دەنا من ئەوەم بۆ خۆم داناوە و دەمزانی هەر دەکوژرێم و ئەمەیان ئاواتی منە.

**سەرهەنگ عەتایی:**

دەکرێ بڵێی بۆ ئەوەندە نیگەرانی بارزانییەکانی؟!

**قازی محەمەد:**

لەبەر چەند هۆیەك؟!

**سەرهەنگ عەتا:**

ئەو هۆیانە چین؟!

**قازی محەمەد:**

چونکە مەلا مستەفا و بارزانییەکان هیوای دوارۆژی میللەتی کوردن و منیش پەرچەمی کوردستانم بە ئەوان سپاردووە“ ئەوان پارێزگاری ئەو ئاڵا (پەرچەمە) یە دەکەن“ تا ڕۆژی خۆی ئاڵای کوردستان لای ئەوانە“ نەك ئەوەی کە سەرهەنگ نیکۆزاد تفی لێ کردوو و پێی لە سەر دانا، هیوام بە خوایە ڕۆژێك بێت و ئەو ئاڵایە بە دەستی بەتوانا و بەهێزی بارزانی“ لە سەر ئەم خانووەی کە منی تێدا دادگەیی دەکرێم و لە سەر هەموو شوێنە بەرزەکانی کوردستان بشەکێتەوە.

**سەرهەنگ عەتا:**

دوایین پرسیار“ ئایا بە راستی خۆت نەچووی“ یان مەلا مستەفا دەگەڵ خۆی نەیبردی و نەیوست لەگەڵیدا بیت؟!

**قازی محەمەد:**

وا دیارە ئەوانەی من ئێستا گوتوومە“ باوەڕت پێیان نییە؟!

**سەرهەنگ عەتا:**

نا.. حەز دەکەم راستیەکەییم پێ بڵێی!!

**قازی محەمەد:**

سەرهەنگ“ پێت ڕادەگەیەنم کە تۆش ئیهانە نەکەی! یانی چی ڕاستیەکەیت پێ بڵێم“ مانای چییە!؟ نا.. من بۆ کوێ دەڕۆم“ ئێرە خاکی کوردستانە! باب و باپیرانم لێرە ژیاون“ خۆ من پیشەوەری ژن سیفەت نیم“ وڵات و میللەتەکەم بەجێ بهێڵم و هەڵێم!!.

سەرهەنگ عەتا“ لە ترسی ئەوەی قازی محەمەد دووبارە تووڕە نەبێتەوە و وەك نیکۆزاد ئەویش ڕیسوا نەکا“ بە پەلە داوای لێبوردنی کرد و سوێندی خوارد کە

مەبەستی ئیهانە کردنی نەبووە" بەڵکو قسەیەك بووە و وا هاتووە.

**قازی محەمەد گوتی:**

ئەگەر قسەیەکم گوتبێ و ئێوە پێتان خۆش بووە، ئەوە دیارە زۆریانم پێچەوانە پێ گوتوون، دەنا یەقینەن ئەوەی گوتوومە" هەمووی وایە.

**سەرهەنگ عەتا:**

بە راستی داوات لێ دەکەم وەڵامی ئەو پرسیارەشم بدەوە" کە ئەوەندە هۆگریت بە میللەت و وڵاتەکەت هەیە، بۆچی و چۆن بوو ئیجازەت بە بێگانە دا بێتە ئەم وڵاتە و ببێتە سەرباری گەلەکەت.

**قازی محەمەد:**

ئەوەندە ئەو وشەیە دووبارە دەکەنەوە" دیارە مەبەستتان هێزەکانی رووس و ئینگلیزە؟!.

**سەرهەنگ عەتا:**

نا..مەبەستم مەلا مستەفا بارزانییە!!

**قازی محەمەد" بە پێکەنینەوە گوتی:**

دەمێکە وەڵامی ئەو پرسیارەتانم داونەتەوە، دووبارە گوتنەوەی پێ ناوێ، پێم وتن بارزانی نە من هێناومە و" نە بێگانە و غەیرە کوردیشە. مەلا مستەفا کوردە و کوردستانماڵی هەموو کوردێکە و" مەلا مستەفا بارزانیش وەکو ئینسانێك لە بەشێکی ماڵەکەی خۆی هاتۆتە بەشێکی دیکەوە، هەموو کەسێکیش مافی ئەوەی هەیە لە هەر شوێن و لایەکی ملك و ماڵی خۆیدا دابنیشێ و ئەوە مافی خۆیەتی و باش باش بزانن من خۆم حەزم نەکرد بڕۆم" دەنا من چەندین ئۆتۆمبێلم لە بەر دەستدا هەبوو" هەرکات و ساتێك مەیلم بووایە" دەمتوانی بڕۆم و لە خاکی ئێران دەربچم. زۆر باشیش لە سەرنجامی کارەکەی

خـۆم ئاگـاداربووم.، ئێوەشـم زۆر باش دەناسی، هەروەك بارزانی گوتی: ئێوەی عەجـەم لـە کـاتی زەلیـلیدا کـەس نـازانیٚ و نـاتوانیٚ وەك ئێـوە بپاڕێـتەوە و مەزلوومیـەتی خـۆی نیشان بدا، بەڵام لە کاتی دەستەڵاتداریدا“ کەس لە عەجەم زاڵمتر و بێبەزەیی و کەلەڕەقتر و دڵڕەشتر نییە.

**بەم شێوەیە دادگەییکردنی قازی محەمەد کۆتایی هات.**

ئیـنجا نـۆرەی محەمـەد حوسـێن خانی سەیفی قازی هات و زۆر بە هەیبەت و ویقـار و لەسـەرخۆیی و بوێـری هاتـە ژوورەوە و هـەر پێـی وانـەبوو ئەمـە دادگەییکردنیشە.

سـەرهەنگ نیکـوزاد هاتـەوە سـەر شـوێنی ڕەسمیی خۆی و رووی لە سەیفی قازی کردو دەستی بە پرسیار کرد.

**پرسیار:**

تـۆ چـۆن بـووی بـە وەزیـری جەنگ و بۆچی ئەو بەرپرسیاریەتییە (پوشاڵی) کارتۆنییەت وەرگرت و مەبەستت لەم کارە چی بووە؟.

**سەیفی قازی:**

مـن بـە شانازییەوە ئەو ئەرکەم وەرگرت و مەبەستم خزمەت بە گەلەکەم بوو هیچی تر.

**پرسیار:**

مەبەسـتت خـزمەت بـوو“ یـان بـۆ ئـەوە بـوو لـە رێگـای مەسئوولیەتدا پووڵ وەسەریەك بنێی و پێی بژی.

**سەیفی قازی“ بەپێکەنینەوە:**

سـەرهەنگ مەگـەر تـۆش مـن ناناسـی“ جگـە لەوەی کە هەر بۆ پوول ئەوەم نەکـردووە“ بـەڵکوو مـن مەبـلەغی ( ٢ ) مـلیۆن تومـانم بـۆ میلـلەت و کۆمـاری

کوردستـان خەرج کردووە، کە دارایی و سەروەتی تایبەتی و کەسیی خۆم بووە.

سـەرهەنگ" وا دیارە جگە لەوەی هیچ لە بارەی منەوە نازانی" شتێکی ئەوتۆش لە کار و دابونەریتی دادگە و دادرەسیش نازانی.

لێـرەدا" چونکە سەرهەنگ هێشتا لە جنێوەکانی قازی محەمەد توورە بوو و دڵی پـڕ بـوو و هەسـتی بـە تێکشـکان و دۆڕان دەکـرد" ویستی بەهانەیەك بە سەیفی قـازی بگـرێ و خـۆی تـوورە بکـات، بەڵام سەیفی قازی ئاگاداری کردەوە و پێی گوت:

ئێمـە تـازە دەسـتمان لـە ژیـان و مـاڵی خۆمـان شوشـتووە و ئەگـەر بە قەد تۆزقـاڵێك بـێ ئـەدەبی و جەسـارەت بکەی" من وەکو قازی محەمەد نیم" هەر بە قسە و جنێودان وازت لێ بهێنم.

مستی خۆی گرێ کردوو و بە سەرهەنگی نیشاندا و پێی گوت:

بـەم مستە سەر و گوێلاك و دەم و ددانت دەشکێنم" ئاخر لە مەرگ زیاتر کە ئـاواتی ئێمەشـە" چـی تـر هەیـە، یەك ملیۆن درۆ و بوختـان و قسەی قۆڕ و شتی دیکـەتان، شـتی دیکەی بێ واتاتان بۆ دروست کردووین" ئەو جا خەریکن غەڵەت و ناماقووڵی زیاتریش دەکەن!.

هـەموو ئـەو درۆ و بوختانانەی کە سازتان کردووە" هیچ بنەما و بناغەیەکیان نییـە، بـەڵام ئێسـتا مـن لێـرە ڕادەگەیـەنێم کـە ئـەو هەموو درۆ و بوختانانە" بە شـانازییەوە لـە سـەر خـۆم قـەبووڵ دەکـەم، ئیـتر ئامـادە نیـم هیچ وەڵامێکتان بدەمەوە.

بەم شێوەیە دووبارە دادگەییکردنەوەی سەیفی قازیش کۆتایی هات.

ئیـنجا نـۆرە گەیشـتە ئەبولقاسـم سـەدری قـازی و هێـنایانە بەر دەم دادستان و یەکەم پرسیار کە ئاراستەیان کرد ئەوە بوو:

ئایا مەبەستت لەو نامەیە چی بوو کە بۆ قازی محەمەدتان نووسیوە و داوات لێ کردووە خۆ ڕاگرن“ تا کۆمەکتان دەگاتێ.

**سەدری قازی گوتی:**

هەرگیز شتێکی وا لە ئارادا نییە و ئەگەر دەڵێن بووە“ فەرموون بیخەنە ڕوو.

**ئینجا دادستان گوتی:**

ئەی ئەو شیعرە چییە کە بۆ بارزانیت نووسیوە؟!

**سەدری قازی گوتی:**

بەڵێ ئەوە من نووسیوومە“ خۆشم ویستووە“ شیعرم بۆی نووسیوە.

دادستان دووبارە پرسیاری کردەوە:

ئایا ئەو یارمەتییەی کە تۆ نووسیوتە“ پێشتریش بووە“ یان بۆ جاری یەکەم بووە کە لە لایەن بێگانەوە کۆمەکتان پێ بکرێ!!

**دیسان سەدری قازی گوتی:**

ڕەتی دەکەمەوە“ شتێکی وا نەبووە.

**ئینجا دادستان گوتی:**

بۆچی لە تەورێز لەگەڵ پیشەوەری کۆبونەوەت کردووە و وتووێژتان لەگەڵ (نەماز عەلییۆف) فەرماندارى سەربازیی رووس لە میاندواو و ئەلکساندەر لە مەراغە و کۆنسۆلی رووس لە ورمێ“ هاتوچۆ و دانیشتن و کۆبوونەوەتان لەگەڵیان کردووە؟.

**ئەبولقاسم گوتی:**

ئەوانە پێویستییەکانی ڕۆژگار بوون .

**دادستان گوتی:**

ئەو کارانە جاسووسی بووە بۆ رووسەکان؟!

بەڵام ئەبولقاسم سەدری قازی ئەم بۆچوونەی ڕەت کردەوە و گوتی:

جاسووسی بۆ کێ، بۆچی، چی لە وڵاتی ئێمەدا هەبوو کە رووسەکان وەك ئەوەی هەبووە" نەیاندیبێ، شتێك، جێگەیەك هەیە کە رووسەکان خۆیان بۆی نەچووبن.

ئینجا دادستان ناوی چەند نامەی دیکەی هێنا کە ئاوا و ئاوات نووسیوون.

**ئەبولقاسم گوتی:**

هەر شتێکم بۆ هەر جێگایەك نووسیبێ" دانەیەکم لای خۆم هێشتۆتەوە، تکایە پەروەندە (دۆسیە)ی ئێمە بنێرن بۆ تاران، نامە و بەڵگەنامەکانی من هەمووی لە وێیە، باشتر روون دەبێتەوە کە من چیم بۆ کوێ نووسیوە.

بەم شێوەیە دادگەییکردنی دووبارەی هەرسێ قازییەکان تەواو بوو، دەستەی دووبارە دادگەییکردنەوە کەوتنە گفتوکۆ، بە پێچەوانەی دادگەییکردنی مەیدانیی پێشوو کە لە کەمتر لە نیو کاتژمێردا گفتوگۆی نێوان خۆیان بڕاندەوە و بڕیاری خۆیان وەرگرت" دەستەی دووبارە دادگەییکردنەوە، بڕیاردانیان ماوەی زیاتر لە (١٠) کاتژمێری خایاند، لەو ماوەیەدا" پەیوەندیی بێتەل لە نێوان مەهاباد و تاراندا بەردەوام بوو" تا ئەوەی کاتژمێر دوانزدەی نیوەشەو دادگە بڕیاری وەرگرت و بڕیاری لەسێدارەدانی هەرسێ قازییەکانی بڕیەوە و زۆر بە پەلە ئەو بڕیارە بە تارانیش ڕاگەیەنرا. کەچی هیچ کام لە قازی محەمەد و سەدر و سەیفی قازی و ئێمە" لە بڕیارەکەی تاران تێنەدەگەیشتین، بەڵام کاتێك بینیان ڕەنگ و رووی فەرمانداری سەربازیی زۆر گۆڕاوە و دەستی دەلەرزن و بە پەلە بە هۆی بێتەلەوە خەریکی پەیوەندیکردنە، هەستمان کرد کە توندترین بڕیار وەرگیراوە.

لە کاتێکدا بڕیار وابوو ئەو شەوە تەنیا نیو کاتژمێر پەیوەندیی بێتەل دەگەڵ

تـاراندا هـەبێ، بـەڵام ئـەو شـەوە دیـاربوو سـتادی ئەرتـەش و دەربـاری شـا" تا بەیانی چاوەڕوانی ئەنجامی کۆتایی دادگەکە بوون.

ئـەوەی ڕاسـتی بـێ دادگـای دووبارەپێداچـوونەوە و دادگەییکـردنەوەش هەر هـەمان ئـەو تاوانانـەی دادگەی مەیدانیی پێشووی دووبارە کردنەوە و بۆ هیچ لە تاوانـەکان بەڵگـەی پێویسـتی نەخسـتە ڕوو، هیچـیش گوێیـان بە ڕەتکردنەوەی تاوانبارەکان (قازییـەکان) نـەدا و بـڕیاری لەسـێدارەدانی هەرسـێکیانی پەسەند کرد.

ئیـتر کەوتـنە خـۆ شـوێنێك لـە نـاو شـاردا بدۆزنەوە" تا داری سێدارەیان لێ هەڵبخەن، دیاربوو فەرمانداری سەربازیی زووتر لەوەی بڕیاری دادگە وەربگیرێ، ڕۆژێـك زووتـر ئـەو خانووەی لە چوارچرایە و چەند نهۆمە" دەستنیشان کردبوو" یانی هەر لە هەوەڵەوە شوێنی لە سێدارەدانیشیان دەستنیشان کردبوون.

**فەرماندار گوتی:**

شوێنی پێویستمان ئامادە کردووە.

سـەرەتا ویسـتیان جێبەجێکردنی حوکمەکـە بـۆ فەرمانداریی مەهاباد بەجێ بهێـڵن و ئێمـە دەگـەڵ دەسـتەی دادگە خۆمان بەرهەڤ کرد بگەڕێینەوە تەورێز و لـەوێوە بـەرەو تـاران بـڕۆین، بـەڵام لـە ناکـاو دەسـتوور هـات تا جێبەجێکردنی حوکمەکـە" دەبێـت دەسـتەی دادگـە لـەوێ ئامـادە بـن، ناچـار مایـنەوە تـا لەسێدارەدانی قازییەکان بەڕێوەبچێ.

هـەر سـێ قازییـەکان لـە دوای دادگەییکـردنەوە لـە نێـو پادگـاندا لـە ژوورێك دانـرابوون، بـەڵام دەورادەوری ئـەو خـانووە بـە چـاودێر و چـەکدار" چـاودێری دەکرا" نەبادا نیەتیان بێت خۆیان ڕزگار بکەن.

بڕیاردرا یەکە یەکە لە ئۆتۆمبیل سوار بکرێن و هەر ئۆتۆمبلێك (١٠) سەربازی

لـە تـەك سـوار بـێ. پێیـان گوتـن: دەتـان نێـرین بـۆ تاران. فەرمانداری مەهاباد دەستووری بە ئەفسەرێك دا كە" برۆ یەك یەكەیان بهێنە بۆ مەیدانی چوارچرا.

**كیۆمەرس ساڵح دەنووسێ:**

مـنیش بـۆ تەواوكردنی ڕاپۆرتەكەم، بۆ گۆڤارەكەم چوومە بەندیخانە، كاتێك لەگـەڵ ئەفسەرێكدا چووینە ناو بەندیخانەكەوە" بینیمان قازی محەمەد خەریكی نوێژكـردن بـوو، ئەفسـەر هەواڵەكـەی بـە قازییەكان ڕاگەیاند و پێی وتن: خۆتان كۆكەنــەوە" دەنێردرێـنە تـاران، هــەردوو سـەدر و سـەیفی قـازی بـە تایـبەت ئەبولقاسـم زۆری پـێ خۆش بوو، دواتر كە قازی محەمەد سەلامی نوێژی دایەوە، بینیمان كە هاتنی ئێمە و ئەم هەواڵە هیچ كاری تێ نەكردووە، بە پەلە جلوبەرگ و شتومەكی خۆیان كۆوەكرد و ئامادەبوون.

**گوتیـان:** مـادام دەچـین بـۆ تاران" ئیزن بدەن هەواڵ بە ماڵەوەمان بدەین با پووڵ و پارەیەكمان بۆ بهێنن بۆ خەرجیی ڕێگا.

**ئەفسەرەكە گوتی:**

نـا، پێویسـت ناكـات، چـونكە بەرپرسانی پلەبەرز پارەیان داوەتە ئەفسەری بەرپرسـی ئـەو كـارە بـۆ خـەرجیی ئێـوە، بۆیـە پێویست بەوە ناكات ئێوە پارە لەگەڵ خۆتان بهێنن.

بـە پێـی بـڕیار" هـەر یەكـە لـە قازییـەكان لەگەڵ دە كەس چەكداری چاودێر سـواری لۆریـەك كـران، بـەڵام هـەر لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەوە فەرماندار بارودۆخی نائاسـایی لـە شـار ڕاگـەیاندبوو" هەر جۆرە لە ماڵ وەدەركەوتنێك قەدەغە بوو، تـەواوی ناوشـار و دەوروبـەریش بـە ئەفسـەر و سـەرباز تەنـرا بـوو، لـە مـاوەی كاتژمێـرێكدا هـەر یەكـە لـە قازییـەكان بـە جیـا لەگـەڵ (١٠) سـەرباز سـواری ئۆتۆمـبێل كـران، قـازی محەمـەد لـە نـاو یەكـەم ئۆتۆمـبێل و محەمـەد حوسـێن

سـەیفی قـازی لـە ئۆتۆمبێـلی دووەم و ئەبولقاسـم سـەدری قـازی لـە ئۆتۆمبێلی سـێیەمدا" لـە نێو ماشێندا چاوەڕوانی دەستوور بوون کە وەڕێ بکەون، بەڵام لە تارانـەوە دەسـتوور درابـوو گوایـە بـۆ ترساندنی خەڵکی کورد و پەند و عیبرەت وەرگرتـنیان" لـە مـەیدانی چوارچـرای نـاو شـاری مـەهاباد" بـە هـۆی هەڵواسین بەدارەوە لە سێدارە بدرێن.

فـەرمانداری مـەهاباد لـە کـاتی هـاتنی دەسـتەی دادگـە بـۆ مـەهاباد" ئـەو خانووەی کە لە مەیدانی چوارچرا بوو بە دانیشتووانی چۆڵ کردبوو، ئەو خانووە سـێ نهـۆم بـوو و هەرسێ نهۆمەکەی پێ چۆڵ کرد بوون، بە بەهانەی ئەوەی کە گوایـە شـەو ئەفسـەری چـاودێری شـار لـە وێ دەبـێ. ئـەو خانووە سێ دەرگای هـەبوو یەکێك لە دەرگاکان بۆ مەیدان دەکراوە و یەکێکیان بۆ دەرەوەی مەیدان و یـەکێك بـۆ حەوشەیەکی بچووك کە هەی بوو. دەستووری ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلی قـازی محەمـەد بـەرەو مـەیدان درا، کـە ئۆتۆمـبێل گەیشـتە پێـش دەرگـای ئـەو خانووەی مەیدانی چوارچرا، قازی محەمەد پرسیاری کرد:

بۆ دەبێ لێرە دابەزم؟!

**ئەفسەر پێی گوت:**

سـەفەرەکەی تـۆ لێـرەوە بـەرەو تـاران ڕێـك دەخـرێ و چـەند پرسـیارێکی لاوەکی ماوە لێرە لێتان دەکرێ.

قــازی محەمــەد دابــەزی" کــاتێك هاتــە نــاو ڕاڕەوەکــەوە" دیــتی دادســتان سەرهەنگ نیکۆزاد و مەلایەکی کوردەواری و چەند سەربازێکی چەکدار" هەروەها مێـزێکی گـەورە و قورئانێك کە لە سەر مێزەکە دانراوە" لە ژوورەکەن، هەروەها سـەرۆکی بـەهداری (تەندروستی) کە تازە لە تارانەوە بۆ مهاباد هاتبوو" لە وێن، لـە نـاو ژوورەکەدا یەکسەر تێگەیشت کە چوونی تاران درۆیە، بە فریو هێناویانن

بۆ چوارچرا.

دادستان سەرهەنگ نیکۆزاد دەستی کرد بە خوێندنەوەی حوکمی دادگا و قازی محەمەدی حاڵی کرد کە دەبێ هەر ئێستاکە ئەو حوکمە جێبەجێ بکرێ.

**بە قازی محەمەدی گوت:**

ئەگەر وەسیەتێکتان هەیە" بیکە" یاخود بینووسە.

قازی محەمەد زۆر بە گورج و گۆڵی چووە پشت مێزەکە و دەستی کرد بە نووسینی وەسیەتنامەکە، تا چەند لاپەڕەیەکی نووسی، پاشان دیاربوو ماندوو بووە" بۆیە بە مەلای مەهابادی گوت:

وەرە ئەوەی من دەیڵێم بینووسە.

قازی محەمەد زۆر بە روونی ئەوەی دەیگوت و پێی نووسی" گوتی: بینووسە فڵان زەوی و فڵان جێگە و فڵانە بۆ مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانە بێ، تا بۆ گەلی کورد و نەوەی داهاتوو" سوودی لێ وەربگیرێ. ئامۆژگاری یەکگرتن و پێکەوەژیان و خۆشەویستی بۆ کورد کرد.

کاتێك وەسیەت نامەکەی بۆ بنەماڵەی خۆی تەواو بوو دەستی کرد بە نوێژکردن، تۆبە و لە خوا پاڕانەوەی بەجێ گەیاند، ئەم کارە نزیکەی دوو کاتژمێر و نیوی خایاند، دادستان لە بەسەرچوونی ئەو ماوەیە دوور و درێژە زۆر ناڕەحەت و نیگەران بوو، بە پەلەبوو بۆ گەڕانەوەی تاران.

دوای ئەوەی قازی محەمەد وەسیەتنامەی نووسی و نوێژ و لەخوا پاڕانەوەی بەجێ گەیاند، داوای کرد کە ئیزنی بدرێ چەند وەسیەت و ئامۆژگاری بۆ خەڵکی کورد بنووسێ. دادستان ئیزنی ئەوەی پێدا و داوای قەڵەم و کاغەزی کرد، بۆیان هێنا. هەر بۆ ئەوەی دادستان سەرهەنگ نیکۆزاد و هەموو ئامادەبووان گوێیان لێ بێ و حاڵی بن" بە مەلای گوت:

وەرە بینوسە.

**گوتی:**

مەلا هەرچی من پێت دەڵێم تۆ هەر ئەوە دەنووسی.

**مەلا گوتی:**

قوربان چی بنووسم، بزانم ئەوەی جەنابت دەتەوێ من بینوسم" بزانین دادستان ئیجازەی ئەوەت پێ دەدا؟!

**قازی محەمەد تووڕە بوو و گوتی:**

دادستان کێیە ئیزن بە من بدا" یان نەدا داخۆ دەمەوێ بڵێم چی؟!

**لێرەدا کۆمەرس ساڵح دەڵێ:**

قازی محەمەد بەمەبەستی ئەوەی هەموو ئێمە لەقسەکانی تێبگەین ئەو شتانەی بە فارسی بە مەلا دەگوت و پێی گوت:

تۆ بە کوردی بیان نووسە.

**مەلا گوتی:**

قوربان نازانم بە کوردی بنووسم.

**قازی محەمەد تووڕە بوو و گوتی:**

ئەمەش یەکێکی دیکە لە بەدبەختیەکانی گەلی کوردە.

لە درێژەی ئەم باسەدا کیۆمەرس ساڵح دەنووسێ: ئینجا قازی محەمەد دووبارە خۆی دەستی کردەوە بە نووسینی وەسیەتنامەکەی. بەم شێوەیەی خوارەوە کە بە خەتێکی زۆر خۆش نووسیویەتی:

بسم الله الرحمن الرحيم

میلـلـەتی ڕۆڵـە و بـرا عەزیـزەکانم، بـرا بـەش خوراوەکـانم، میلـلـەتە زوڵـم لێکـراوەکەم، وام لـە دوایـین سـاتەکانی ژیـانمدا، چـەند ئامۆژگاریەکتان دەکەم، وەرن بـە خاتـری خـوا چـیتر دوژمـنایەتیی یەکتری مەکەن" یەك بگرن و پشتتان وەیـەکتری بـدەن، لـە بەرابەر دوژمنی زۆردار و زاڵم بوەستن، خۆتان بە خۆڕایی بـە دوژمـن مەفرۆشـن، دوژمـن هەر ئەوەندە ئێوەی دەوێ" تا کاری خۆی پێتان جێبەجێ دەکـات و قـەت بـەزەیی پێـتاندا نایە، لە هەر هەڵێکدا بێ" قەت لێتان نابووری .

دوژمـــنانی گـــەلی کـــورد زۆرن، زاڵمـــن، زۆردارن" بـــێ بـــەزەیین" رەمـــزی سـەرکەوتنی هـەر گـەل و نەتەوەیـەك" یەکگرتن و یەکبوونە، پشتگیری تەواوی میلـلـەتە. هـەر میلـلـەتێك یـەکێتی و تـەبایی نـەبێ" هەردەم ژێردەستی دوژمنانی دەبـێ، ئێـوە گـەلی کـورد" هیچتان لە گەلانی سەر ئەم گۆی زەویە کەمتر نییە، بـەڵکوو لە پیاوەتی و غیرەت و لێهاتوویی" لە زۆر لەو گەلانەی کە ڕزگاربوون لە پێشترن. ئەو میللەتانەی کە لە چنگی دوژمنە زۆردارەکانیان رزگاریان بوو" وەك ئێـوەن، بـەڵام ئەوانـەی خۆیـان ڕزگـار کـردووە" یەکێتیان لە نێواندا هەبووە" با ئێـوەش وەکـوو هـەموو گـەلانی رووی زەوی" چـیتر ژێـر دەسـت نـەبن، هـەر بە یەکگـرتن و حەسـوودی بەیـەك نەبـردن و خۆنەفرۆشـتن بـە دوژمـنان لـە دژی نەتەوەکەمان دەتوانن ڕزگار بن.

بـراکانم چـیتر فریوی دوژمن مەخۆن، دوژمنی کورد لە هەر رەنگ و دەستە و قـەومێك بێـت" هـەر دوژمـنە، بـێ روحمـە، بـێ وێژدانـە" ڕوحمـتان پـێ ناکـا، بەیـەکترتان بـە کوشـت دەدا" تـەماحوو وەبـەردەنێ" بـە درۆ و فـڕوفێڵ بـەگژ یـەکتروودا دەکـا، لـە نـاو هـەموو دوژمـنەکانی گـەلی کـورد" دوژمـنی عەجەم لە

هـەموویان زاڵمـتر و مـەلعوونتر و خوانەناسـتر و بێـبەزەییترە، لـە هیـچ تـاوانێك بەرانـبەر بـە گـەلی کورد دەست ناگێڕێتەوە" هەر بە درێژایی مێژوو لەگەڵ گەلی کورد" غەرەز و کینەی ریشەداری هەبووە و هەیەتی، تەماشا کەن بڕوانن تەواوی گـەورە پیـاوانی گەلەکەتان" لە سمایل ئاغای شکاکەوە بگرە" تا جەوهەر ئاغای بـرای و هەمـزە ئاغای مەنگوڕ و چەند و چەندین مرۆڤی دیکە" هەر هەموویان بە فـریودان ئارامیـان کردنەوە و خەڵکیان لە پشت کردنەوە و ئینجا زۆر نامەردانە" کوشـتیانن، هـەموو ئەوانـەیان بـە سـوێند و قورئـان فـریو دان کە گوایە عەجەم نییـەتی خێـری لەگـەڵیاندا هەیـە و چـاکەیان لەگـەڵدا دەکات، بەڵام هەر کوردێ خـۆش بـاوەڕە و بـە سـوێند و سـۆزی عەجـەم فـریوی خـواردووە و باوەڕی پـێ هێـناون، کەچـی تـا ئێسـتاش بـە درێژایی مێژوو" کەس نەیدیوە تاکو جارێکیش عەجـەم بـە سوێند و وادە و ئەو پەیمانانەی کە بە سەرانی کوردی داوە، وەفای پـێ بکـا و وادەکانی لەگەڵ کورد بە جێ بگەیەنێ، هەر هەمووی درۆ و فڕ و فێڵ بـووە، جـا وا مـن وەکـوو بـرایەکی چـووکەی ئێـوە، لە ڕێگای خوادا، بۆ خاتری خـودا پێـتان دەڵێم: یەکتر بگرن و قەت پشتی یەکتر بەرمەدەن، دڵنیا بن ئەگەر عەجـەم هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێ کردووە، بە سوێند و بەڵێنی درۆی عەجـەم فـریو مـەخۆن" کـە ئەگـەر هەزار جار دەست لە قورئانی پیرۆزیش بدا و بەڵێنتان پێ بدا" دڵنیابن تەنیا مەبەستی فریودانی ئێوەیە" تاوەکو فێڵێکتان لێ بکا.

وا مـن لـە دوایـین سـاتەکانی ژیـانمدا بـە خاتری خودای گەورە ئامۆژگاریتان دەکـەم، پێـتان دەڵێـم و خوا بۆ خۆی دەزانێ کە من ئەوەی لە دەستم هات" بە سـەر و بە گیان و تێکۆشان، بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و ڕێگەی ڕاست نیشاندانی ئێـوە" درێغیـم نەکـردووە، ئێسـتاش لەو ساتەدا و لەو باردۆخەدا" دیسان پێتان

رادەگەیـەنم کـە چـیتر فـریوی عەجـەم نـەخۆن و بـاوەڕ بـە سوێند و دەست لە قورئـان دان و بەڵێن و سۆزەکانیان مەکەن، چونکە عەجەم نە خوا دەناسن و نە باوەڕیـان بـە خـوا و پێغەمـبەر هەیـە و نە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت و حساب و کیـتاب هەیـە، لـە لای ئەوان ئێوە هەر لە بەر ئەوەی کە کوردن، با موسڵمانیش بـن، تاوانـبار و مـەحکوومن، بـۆ وان دوژمـنن" سـەر و مـاڵ و گیانـتان بۆ ئەوان حەلاڵـە و بـە غـەزای دەزانـن، بەڵێـنم وانـەبوو مـن بـڕۆم و ئێـوە بـە دەست ئەو دوژمـنە دڵڕەشـانەوە بـە جـێ بهێـڵم، زۆر جـاریش بـیرم لـە ڕابـردوو و گـەورە پیاوانمـان کـردۆتەوە" کـە عەجـەم بـە فـریو و سویند و درۆ و حیلە گرتوویانن و کوشـتوویانن، چونکە لە مەیدانی نەبەردیدا پێیان نەوەستان و نەیان توانیوە لە بەرانـبەریاندا رابوەسـتن، ناچـار بــە درۆ و فـڕ و فێـڵ هــەڵیان خەڵـەتاندوون" کوشتویانن.

مـن ئەوانم هەر هەموویان لە بیر بوو" قەتیش باوەڕم بە عەجەمان نەکردووە، بەڵام عەجەم لە پێش گەڕانەوەیان بۆ ئێرە چەندین جار وەڵام و ڕاسپاردەیان بە نامـە و بە ناردنی کەسی ناوداری کورد و فارس بە دانی بەڵێن و پەیمانی یەکجار زۆر و بـۆرەوە کە دەوڵەتی عەجەم و شا خۆی نیەتی خێریان هەیە و ئامادە نین تەنانەت دڵۆپێك خوێن لە کوردستان برژێ.

ئێسـتا ئێـوە ئەنجامی بەڵێنەکانیان بە چاوی خۆتان دەبینن" ئەگەر سەرانی هـۆز و عەشـیرەتە کوردەکانمـان خیانـەتیان نەکـردبا و خۆیـان بـە حکومـەتی عەجەم نەفرۆشتبا" ئێمە و ئێوە و کۆمارەکەمان" وای بە سەردا نەدەهات.

ئامۆژگـاری و وەسـیەتم ئەوەیـە: بـا منداڵەکانـتان بخوێـنن، چـونکە ئێمـەی میلـلەتی کـورد هیچـمان لـە میلـلەتانی دیکـە کـەمتر نییـە" ئیـللا خوێندن نەبێ، بخوێنن بۆ ئەوەی لە کاروانی گەلان دوا نەکەون، هەر خوێندن چەکی کوشندەی

دوژمنه.

دڵنیا بن و بزانن ئەگەر تەبایی و یەکگرتن و خوێندەواریتان باش بێ‌‌" زۆر باشیش بە سەر دوژمنانتان سەر دەکەون. ئێوە نابێ بە کوشتنی من و برا و ئامۆزاکانم چاوتان بترسێ، هێشتا دەبێ زۆر کەسی دیکەی وەکو ئێمە لەو ڕێگایەدا بەخت بکەن" تا دەگەنە ئاوات و مەبەستتان.

دڵنیام لە دوای ئێمەش زۆر کەسی دیکە هەر بە فێڵ و دووڕوویی لە بەین دەبرێن.

دڵنیام زۆر لە وانەی لە دوای ئێمەش دەکەونە داوی فڕ و فێڵی عەجەمان" لە ئێمەش زاناتر و لێهاتووتر دەبن، بەڵام هیوادارم کوشتنی ئێمە ببێتە پەند و عیبرەت بۆ دڵسۆزانی گەلی کورد. وەسیەتێکی دیکە بۆ ئێوە ئەوەیە کە لە خوای گەورە داوا بکەن" هەر چیەکتان بۆ سەرفرازیی ئەو گەلە کرد" کۆمەکتان لە ئەو بۆ بێ" دڵنیام خوای گەورە سەرتان دەخا و کۆمەکتان دەکا. ڕەنگە بڵێین ئەی بۆ من سەرنەکەوتم، لە وەڵامدا دەڵێم: بەو خوایە من سەرکەوتووم" چ نیعمەتێك و چ سەرکەوتنێك لەوە گەورەترە کە ئێستا وا من لە ڕێگەی گەل و میللەت و وڵاتەکەمدا، سەر و ماڵ و گیانم لە پێناوی ئەودا دادەنێم، باوەڕ بکەن من خۆم لە دڵمەوە ئارەزووم بوو" ئەگەر مردم بە مەرگێك بمرم کە لە حزووری خوا و ڕەسوولی خوا و گەل و میللەتەکەمدا" ڕوو سوور بم" بۆ من ئەو مەرگە سەرکەوتنە.

خۆشەویستەکانم کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە، هەر وەکوو لە ماڵەوەدا ئەندامانی ئەو ماڵە هەر کەس لە هەر جۆرە کار و کردەوەیەکدا دەیزانێ، ئەو کارەی پێ دەسپێرن" ئیتر کەس مافی چاوچنۆکی پێ نییە، کوردستانیش هەر ئەو ماڵەیە" ئەگەر زانیتان کەسێك لە ئەندامانی ئەو ماڵە کارێکی لە دەست دێ"

لێـی گـەڕێن بـا بیکـا. ئیـتر نـابێ بەرد بخەنە سەر رێی و نابێ بە وە دڵگیربن کە یـەکێك لـە ئێـوە بەرپرسـیاریەتیی گـەورەی بە دەستەوەیە، ئەگەر کاری گەورە کەوتۆتـە سـەر شـانی کەسـێك و بـەڕێوەی دەبـا" دیـارە لێـی دەزانـێ و بەرپرسیاریەتیی گەورەتریش لە بەرانبەر ئەو ئەرکەدا هەیە.

دڵنیابە بـرا کوردەکـەت هـەر چاکترە" دوژمـن کینـەی لـە دڵـە و ئەگـەر من بەرپرسـیاریەتیی گـەورەم لـە سـەر شـانی نەبوایـە" ئێستا لە ژێرداری سێدارەدا ڕانەدەوەسـتام، بۆیـە نـابێ لەگـەڵ یـەکتردا چاوچـنۆك بـن، ئەوانـەی فـەرمانی ئێمەیان بەجێ نەدەگەیاند، نەك هەر فەرمان جێبەجێ نەکردن" بەڵکو بە تەواوی دوژمـنایەتیان دەکـردین، لـە بـەر ئـەوەی خۆمان بە خزمەتکاری خەڵکی خۆمان دەزانـی، ئێسـتا ئـەوان لـە نێو ماڵ و منداڵی خۆیان" لە شیرین خەو دان ، بەڵام ئێمـە بـە نـاوی خزمەتکـردن بـە میلـلەت" وا لـە ژێـر داری سـێدارەین و خەریکم دوایـین سـاتەکانی ژیـانم بـەم وەسـیەت نامەیـە تـەواو دەکـەم، جا ئەگەر منیش بەرپرسـیارەتی گـەورەم لـە سەرشـان نەبووایـە" ئێسـتا منیش وەك ئێوە لە ناو خاوخێـزان و لە ماڵی خۆم لە شیرین خەودا دەبووم، ئەوەی کە ئامۆژگاریتان بۆ دوای خـۆم دەکـەم" ئەمـەش یەکێکە لەو بەرپرسیاریەتیانەی کە لە سەر شانمە، دڵـنیام ئەگـەر کەسـێکی دیکـە لـە ئێـوە" بەرپرسیاریەتیەکانی منی وە ئەستۆی خـۆی گرتبا، ئێستا ئەو لە شوێنی من لە ژێر سێدارە دەبوو، وا من بە مەبەستی ڕەزایـەتیی خـودا و بـە پێـی بەرپرسـیاریەتیی سەرشـانم" وەکـوو کوردێکـی خـزمەتکاری گـەل و لـە رێگـای کـاری چـاکدا (امـر بالمعـروف) ئـەو چـەند ئامۆژگارییەم کردن کە هیوادارم لەمەودوا عیبرەت وەربگرن و بە تەواوی گوێ لە ئامۆژگارییەکانم بگرن، بە هیوای خوای گەورە بە سەر دوژمنانتاندا سەرکەون.

١- باوەڕتـان بە خودا و (ماجاء من عندالله) و پەرستنی خودا و پێغەمبەر (د.خ)

و بەجێگەیاندنی ئەرکی ئایینی پتەو بێ.
٢- یەکێتی و تەبایی لە نێوان خۆتاندا بپارێزن، کاری نەشیاو لە بەرانبەر یەکتردا مەکەن و چاوچنۆك مەبن" بە تایبەت لە بەرپرسیاریەتی و خزمەتکردندا.
٣- خوێندن و زانست و پلەی زانیاریتان بەرنە سەرەوە" بۆ ئەوەی کەمتر فریوی دوژمنان بخۆن.
٤- باوەڕ بە دوژمنان مەکەن، بە تایبەت بە دوژمنی عەجەم، چونکە بە چەند هۆ و ڕێگاوە عەجەم دوژمنی ئێوەیە، دوژمنی گەل و نیشتمان و ئایینتانە. مێژوو سەلماندوویەتی کە بەردەوام لە کورد بە بەهانەیە و بە کەمترین تاوان دەتانکوژێ و لە هیچ تاوانێك بەرانبەر بە کورد دەست ناگێڕێتەوە.
٥- بۆ چەند ڕۆژێك ژیانی بێ قیمەتی ئەم دنیایە خۆتان مەفرۆشن بە دوژمن، چونکە دوژمن دوژمنە و جێگەی هیچ باوەڕپێکردنێك نییە.
٦- خیانەت بە یەکتری مەکەن، نە خیانەتی سیاسی و نە گیانی و ماڵی و نامووسی، چونکە خیانەتکار لای خودا و مرۆڤ سووك و تاوانبارە، خیانەت بە رووی خیانەتکاردا دەگەڕێتەوە.
٧- ئەگەر یەکێك لە ئێوە توانی کارەکانی ئێوە بە بێ خیانەتکردن ئەنجام بدا، هاوکاری بکەن، نەوەك لە پێناوی چاوچنۆکی و بەخیلیدا دژی بوەستن، یان خوا نەکا لە سەری بىن بە جاسووسی بێگانە.
٨- ئەو شوێنانەی لە وەسیەتنامەکەدا نووسیومە بۆ مزگەوت و نەخۆشخانە و قوتابخانە" ئێوە هەمووتان داوای بکەن تا دەکرێ و سوودیان لێ وەردەگیرێ.
٩- ئێوە لە خەبات و هەوڵ و تێکۆشان مەوەستن" تا وەك هەموو گەلانی دیکە لە ژێر چەپۆکی دوژمنان رزگارتان دەبێ، ماڵی دنیا هیچ نییە، ئەگەر وڵاتێکوو هەبێ، سەربەستیەکوو هەبێ" ماڵ و خاك و نیشتمانەکەو هی خۆتان بێ، ئەو

کاتـە هـەموو شـتێکتان هەیە، هەم ماڵ ، هەم سەروەت، هەم دەوڵەت و ئابڕو و نیشتمانیشتان دەبێ.

١٠- مـن پێـم وانیـە حـەقی خـودا نـەبێ، حەقی دیکەم لە سەر بێ، بەڵام ئەگەر کەسـێك لای وا بـوو، لـە کـەم تـا زۆر شـتێکی لای مـنە، سـەروەتی زۆرم جـێ هێشتووە، با بچێ لە واریسانم داوا بکا و وەری بگرێتەوە.

تـا ئێـوە یـەکتر نەگرن" سەرناکەون، زوڵم و زۆر لە یەك مەکەن، چونکە خوا زۆر زوو زاڵـم لـە بەین دەبا و نابوودی دەکا، ئەوە بەڵێنی خواوەندە بێ کەم و زیاد، زاڵم دەڕووخێ و نابوود دەبێ، خوا تۆڵەی زوڵمی لێ دەکاتەوە.

هیـوادارم ئەوانە لەگوێ بگرن و خوا سەرکەوتووتان بکات بە سەر دوژمناندا، وەك سەعدی فەرموویەتی:

مراد ما نصیحت بود و گفتیم

حوالت باخدا کردیم و رفتیم

**خزمەتگوزاری گەل و نیشتمان**

**قازی محەمەد**

**دوای تـەواوبوونی قازی محەمەد لە نووسینەوەی وەسیەتنامەکەی" بە دادستانی گوت:**

حەز دەکەی گوێ بگرە بۆت بخوێنمەوە؟

**دادستان گوتی:**

پێویست ناکات.

**قازی محەمەد گوتی:**

باشـە بەڵام لە بەرئەوەی لە شەرعی ئیسلامدا لە داردان کارێکی ناپەسەندە" کە دەمکوژن" تیربارانم بکەن.

بـەڵام دادسـتان ئـەو داواکارییـەی لـێ قـەبووڵ نەکرد، چونکە بڕیاری دادگە، خنکاندنی بە پەت بوو.

**ئینجا قازی محەمەد گوتی:**

نوێژ دەکەم و دەستووراتی بەر لە مردن جێبەجێ دەکەم.

ئیـزنیان پێدا .. بەرلـەوەی بچـێتە ژێر پەتی سێدارە" رووی لە قیبلە کرد و هەردوو دەستی بەرز کردەوە و لە خوا پاڕایەوە" بەدەنگێکی بەرز گوتی:

خودایـە" تـۆ خـۆت شـاهێدی کـە مـن لـە خـزمەت بـەو میلـلەتەدا هیـچ خۆم نـەبواردووە و کـەموکوڕیم نەکـردووە، خودایە تۆ شاهێدی کە من هەر چیەکم لە دەسـت هـاتبێ لە ڕێگای تۆدا و لە پێناوی رازیبوونی تۆدا" کردوومە، خودایە بە گـەورەیی خۆت تۆڵەی مەزلوومان لە زاڵمان لەو دنیایە و لە قیامەتدا بستێنەوە، کـە دەزانم هـەر وایە، ئەی خودای ئاگادار لە هەموو شتێك" هەموو میللەتانی ژێر چەپۆك و میللەتی کورد لە ژێر چنگی ئەو زاڵمانە رزگار بکە.

**دواتر کیۆمەرس دەڵێ:**

ئـەم ڕێوڕەسـم و لـەخوا پاڕانەوەیش نزیکەی (٢٠) دەقیقەی کێشا، هەروەها ئـەو وشـانەی کـە قـازی محەمـەد بـە کوردی دەیگوتن، واتا فارسیەکەیم لە مەلا کوردەکە کە لە وێ ئامادە بوو" دەپرسی.

لـە دوای ئـەم مەراسیمانە" قازی محەمەدیان بردە ژێر پەتی سێدارە و لە داریان دا، زیاتـر لـە دوو دەقیقـەی نەکێشا کە قازی محەمەد گیانی سپارد، کاتژمێریش ببوو بە (٤) ی نیوە شەو.

ئیـنجا ئاماژەیـان بـەو (کـامیۆن ـ لـۆری) یـە کـرد کـە محەمـەد حوسـێن سـەیفی قازی، وەزیری جەنگی کۆماری کوردستانی تێدا بوو بێتە مەیدان، ،سەیفی قازی ـ شـیان هێـنایە ژوورەکـەوە، کـە چـاوی بە دادستان و مەلا و سەرۆکی بەهداری

کەوت، یەکسەر زانی کارەسات چییە، بەڵام هیچ تێك نەچوو" نەگۆڕا و نە شێوا، دادستان حوکمی دادگای خوێندەوە، پێی گوت کە دەتوانێ وەسیەتنامەیەك بۆ خۆی بنووسێ، ئەویش چووە پشتی مێزەکە و تەواوی وەسیەتنامەکەی خۆی لە (١٠) لاپەڕەدا نووسی، کە تا ئەو کاتە" خەریك بوو بەیانی دادەهات، کاتێك بەرەو مەیدانیان برد و هەر کە چاوی بە قازی محەمەد کەوت" کەوا لە دوورەوە لە دار دراوە و لاشەکەی بە هەواوەیە" یەکسەر دەستی کرد بە دروشمی شۆڕشگێڕانە بە زمانی کوردی و بە مست و پێلاقە کەوتە سەر و گوێلاك و گیانی ئەفسەر و سەربازەکان، لێدانی بەر هەر سەربازێك دەکەوت" دەیخست، نەعرەتەی سەیفی قازی وەك نەڕاندنی شێر وابوو. تەواوی خەڵکی دەوروبەر و نزیك چوارچرای لە خەو ڕاپەڕاند، لەگەڵ لێدانی هەر کەسێك کە دەستی پێڕا گەیشت" وەك شێر دەینەڕاند، دەیگوت:

**بژی قازی محەمەد، بژی کورد، بژی ئیستقلالی میللەتی کورد، ئێمە دەمرین، بەڵام کورد هەرگیز نامرێ، خەیاڵتان خاوە.**

لە بەر ئەوەی دەنگی محەمەد حوسێن خان سەیفی قازی خۆی گەورە بوو و خۆیشی زۆر بە هەیبەت و نەترس بوو" تا گەیاندیانە ژێر سێدارە چەند کەسێکی بە مست و پێلاقە خست، زۆر کەس لە دەنگی ئەو لە خەو ڕاپەڕین، بەڵام چونکە هەر لە ئێوارێوە باری نائاسایی و قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەنرا بوو" کەس زاتی لە ماڵ وەدەرکەوتنی نەکرد.

کە بە دارەوەیان کرد" دوای دوو دەقیقە پەتی سێدارە پچڕا و کەوتە خوارەوە، دووبارە بەرزیان کردەوە و هێشتا نەعرەتەی دەکێشا، ئینجا بردیانە بن داری سێیەم کە بۆ سەدری قازی ئامادە کرا بوو، دووبارە هەڵیانواسییەوە، سەعات بوو بە پێنجی بەیانی" دنیا تەواو ڕووناك ببوو.

نۆره گەیشت بە ئەبولقاسم سەدری قازی، بەڵام لە بەر ئەوەی زیاتر لە چەند کاتژمێرێك بوو لە نێو کامیۆنەکەدا لە چاوەڕوانیدا مابووەوە" گێژ و وێژ ببوو. هەروەها، چونکە ئەوەندە لە شوێنی لەسێدارەدانەکەش دوور نەبوو" دەبێ گوێشی لە نەعرەتەکانی سەیفی قازی بوو بێت، بۆیە تا رادەیەك تێگەیشتبوو کە کارەسات چییە.

کاتێك دایان بەزاند و هاتە ژوورەکەوە" دادستان و مەلا و ئێمەی بینی" دەستی کرد بە پاڕانەوە و گوتی:

ئاخر من هیچ گوناهێکم نەکردووە" تکا دەکەم بمنێرن بۆ تاران با کاری من باشتر ڕوون ببێتەوە.

ئاخوند" یا مەلای مەهابادی پێی گوت:

عەیبە" وا مەکە" مەپاڕێوە، پیاوانە وەکوو ئەوانی دیکە بە، تازە پاڕانەوە هیچ دەردێکت دەرمان ناکا. حوکمی دادگایە و دەبێ جێبەجێ بکرێ، جا بۆچی پیاوانە نەمری، مەردانە ژیاوی و مەردانەش بمرە، بۆ دڵی دوژمن بە خۆت خۆش دەکەی، ئەوانە دوژمنکارانە ئێوە لەدار دەدەن.

ئەو قسانەی مەلا زۆری کار لێ کرد، بۆیە دانیشت و دەستی کرد بە نووسینی وەسیەتنامە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە" سەروان کیومەرس ساڵح باسی ناوەڕۆکی وەسیەتنامەی سەدر و سەیفی قازی نەکردووە" مەگەر دڵسۆزان و هۆگرانی مێژوویی کورد لە نێو ئەرشیفخانەی ئەرتەشی ئێراندا هەڵی ئەوەیان وەدەست بکەوێ دەقی ئەو وەسیەتنامانەیش بدۆزنەوە و ساخی بکەنەوە.

**دواتر کیۆمەرس ساڵح دەنووسێ:**

کە وەسیەتنامەکەی تەواو کرد، بەرەو مەیدانی لە سێدارەدانیان برد" کاتێك چاوی بە تەرمی قازی محەمەد و سەیفی قازی کەوت" حاڵی تێك چوو"

بوورایـەوە، نەیتوانی خـۆی بـە پێـوە بگرێ، ناچار هەر بەو حاڵەوە بە باوەشی سـەربازانەوە پەتیان لە ملی کرد، ئەویش لە دار درا و کارەساتی لە سێدارەدانی هەرسێ سەرداری کورد" کۆتایی هات.

دوای لەسـێدارەدانیان" ئـەو ئۆتۆمبێـلەی کـە ئێمـەی لـە تارانـەوە هێـنابوو" ئامـادەبوو، هـەندێك دوورتـر لـە مەیدانی چوارچرا وەستا بوو، پێشتر شتومەکی ئێمـە لـە نـاو ئوتومبێـلەکە بـار کرابوو، بە پەلە هەیئەتی دووبارە پیاچوونەوە و دادگەییکـردن و مـن و چـەند سـەربازێك سـواری ئۆتۆبۆسـەکە بوویـن و بـەرەو میاندواو و تەورێز وەڕێ کەوتین، کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبانی گەیشتنە میاندواو.

قـەت بـاوەڕم نەدەکـرد کە بەرپرس و ڕێبەرانی کورد ئەوەندە بە جەرگ و بە غـیرەت و ڕەشـید بـن، تـا ئێسـتاش دەنگـی قازی محەمەد کە دەیگوت: خودایە جـەزای مـەزلوومان لـە زاڵمـان وەربگـرەوە، یـاخود نەعـرەتەی سەیفی قازی کە تـەواوی ئـەو مەیدانـە و دەوروبـەری پـڕ کـردبوو و زڵـلە و پێلاقەی لە ئەفسەر و سەربازان دەدا" لە بەر چاو و لە گوێمدایە.

هـەر لـە دوور ڕا توانیـم چـەند وێـنەیەکی لـێ بگـرم و نـەم وێـرا لێـی نـزیك بکەومـەوە، دوای لەسێدارەدانیشـان هـەر لـە دوورەوە وێنەم بە هەڵواسراوی لێ گـرتن، پێـم وابـوو دووعاکـانی قـازی محەمـەد قـەبوڵ دەبـن، بەڵام نازانم کەی و چۆن؟!

هـەموو ئـەو نووسـینەی سـەرەوە کـە لە بەر دەستتاندایە" لە ژمارە (٦١) ی (ماهـنامە)ی ئەرتـەش، ساڵی (١٩٤٧) دا" بەو شێوەیە نووسراوە و چاپ کراوە. دەبـێ ئاماژە بەوەش بکەم کە لە وەسیەتنامەکەدا زۆر پەرەگراف و رستە رەش کـراوەتەوە کـە دڵـنیام ئەمـە بـە ئەنقەسـت کـراوە، بـە تایـبەت لـەو بەشەی کە ئامۆژگاریی میللەتی کورد دەکات، بەڵام لەو بڵاوکراوەیەی کە بە ناوی ویژەنامە

بـه تایـبەت و بـه شـێوەی نهێنی" بۆ ئەفسەرانی ئەرتەش و شوێنی تایبەت چاپ دەکـرا کەچـی هـەندێ جێگـەی سانسۆر کراوە، بەڵام کەمتر شوێنێکی لادراوە و دادگاییکردنی هەرسێ قازییەکانی بە تەواوەتی تێدا نووسراوە.

لـه ژمارەیـەکی دواتـری ئـەو گۆڤـارەدا" سـەروان کیۆمـەرس سـاڵح دەڵێ: بە بەهانــەی دژی ئەمــنیەت بوونــی مــن وێژەنامەکەشــم ئیــزنی بڵاوکــردنەوەی وەرنەگـرت. هەروەها لە کۆتایی نووسینەکەیدا دەڵێ: **قازی محەمەد بە مەلاکەی گوت:**

بەیانی ئەو وەسیەتنامە و ئامۆژگارییانەم بدە بە خەڵکی شاری مهاباد.

قــازی محەمــەد ئامۆژگارییــەکانی دا بــە مەلاکــە" بــەڵام دوابــەدوای بەدارەوەکـردنی قازییـەکان" دادسـتان نووسـراوەکەی قـازی محەمـەدی لـە مەلا کوردەکـە سـەندەوە و دای بـەمن و گوتـی: ئەمـە لـە دوا ڕۆژدا دەبێـتە فیتـنە. ئەمـنیش وا لـە ویژەنامەکـەدا چاپم کرد، بەڵام دواتر پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی نەکرا.

پێویسـتە ئامــاژە بــە وەیــش بــدەم کــە وەسـیەتنامەی خانــەوادەیی و وەسـیەتنامە و راسـپاردەکانی دەسـتخەتی قـازی محەمـەد بـۆ گـەلی کـورد" هـەردووکیان لـە نامەخانـەی ئەرتەشـی ئێـراندا پارێـزراون" واتـە لـە (بایـەگانی نگارخانەی مللی ستادی ئەرتەش) دا" لەگەڵ هەموو ژمارەکانی ئەو (ماەنامە)یە و ویژەنامەیـەی (تـاج کیـانی)دا. جگـە لـە مانـە تـەواوی بەڵگەنامەی دادگەکانی ئەفسەر و سەرانی راپەڕین و شۆڕشەکانی سەرتاسەری ئێران" بۆ نموونە تەواوی نێوەرۆکـی دادگەییکردنی ئەفسەرانی خوراسان و ئازەربایجان و قەزوین و شیراز و تـاران و ئەسـفەهان و دادگەییکـردنی ئەفسـەرە توودەییـەکان و راپــەڕینی ئەرتەشـی شاهنشـاهی و نـیرووی هـەوایی و جەبهـەی مللـی و لایەنگـرانی دکتۆر

موسـەدیق و سـوڕەییای ژنـی شـا لەگـەڵ ئەردەشـێری زاهیدی کۆنە زاوای شای ئێران“ لەو نامەخانەیەدا وەك خۆیان پارێزراون.

## وێنەکان